# مافیای ئاوی ئێران و ئاسەوارەماڵوێرانکەرەکانی*

ئالان حەسەنیان**

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی ناهاوسەنگی ناوەند-پەراوێز لە ئێران و کێشەکانی پەیوەندیدار بە هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ ئاسایشی ئاو دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە قەیرانی ئاوی ئێران، گرژی و ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە دەستڕاگەیشتن و بەشینەوەی سامانەکانی ئاو ئاشکرا دەکات. ئەو توێژینەوەیە پێی وایە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت پڕ کێشەیە و کاردانەوەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی- ژینگەیی لەسەر کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ئێران هەیە.

## کورتە

ئاو دینامیکی جۆراوجۆری سیاسی-ئابووری هەن. کەمایەسیی ئاو دەبێتە هۆی کێشە و، ئەوە یەکێک لە کێشە ژینگەیییە سەرەکییەکانی ئێرانە. ویژەی کێشەی ئاوی ئێران، کاردانەوەکانی ئەو بابەتە لە ڕوانگەی تێکچوونە فرە ڕەهەندییەکانی ژینگە، تێکچوونی کۆمەڵگا، دەوڵەت-کۆمەڵگا و کێشەی نێوان مەڵبەندەکان ئاشکرا دەکات. نزیکەی ۲۸ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ۸۵ میلیۆنیی ئێران، لە ناوچەکانی خاوەن قەیرانی کەمئاویدا دەژین، ئەوە دۆخێکە کە بە ‹مایەپووچی›ی ئاو دەستنیشان کراوە. کەمیی ئاو لە سەرانسەری ئێراندا بە شێوەی جیاواز هەستی پێ دەکرێ. بەشە نێوەندییەکانی فەلاتەکە، وێستگەی پیشەسازییە مەزنەکانی ئێران، ئەو شوێنەیە کە زۆرترین کەمایەسیی ئاو بەرچاو دەکەوێ. بەڵام، شوێنی خاوەن سەرچاوەی ئاوی زۆر و زەبەندیش لەو کێشەیە بێبەش نەبوون. ئەو ناوچانە کە بە ‹حەوزە بەخشندەکان› دەناسرێن، بە هۆی گواستنەوەی لە ڕادەبەدەری ئاوی نێوان حەوزەکان و دەستێوەردانە ئەندازیارییەکانی دەوڵەت بە مەبەستی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمایەسیی ئاوی ناوچە ناوەندییەکان، تووشی جۆرێکی جیاواز لە کێشەی ئاو بوونەوە. دۆخێکی ناهاوسەنگ و پڕ لە کێشەی پەیوەندیی دەسەڵات لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ناوچە پەراوێزەکان دروست بووە. لە ڕوانگەی ئەو توێژینەوەیە، ئەوە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیییە کە مۆرکی هەژارکردنی چەند تویێ و پێشکەوتنی ناسەقامگیریی کۆمەڵگاکانی ناوچە بەخشندەکانی پێوە دیارە.

## وشە سەرەکییەکان

ئاو، گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، بەنداو، ڕێچکەی نەرم، ڕێچکەی ڕەق

## پێشەکی

دۆخی ئێکۆلۆژیک و ژینگەیی ئێران بووەتە هۆی دڵەڕاوکێی گەلێک لە چاودێران. دروست کردنی ژمارەیەکی نارێژەییی بەنداو، ژمارەیەکی نارێژەییی پرۆژەی گواستنەوەی ئاو لەنێوان حەوزەکانی ئاو، کەڵکی زێدەڕۆیانە لە سامانەکانی ئاوی سەر- و ژێر زەوی، ڕووتاندنەوەی بەربڵاوی دارستانەکان و بە بیابانبوون، پیسبوونی ئاو، وشکبوونی زۆنگ و گۆلەکان و، نموونەی زۆری دیکەی تێکچوونی ژینگە بوونیان هەیە (ئەمانەت، ۲۰۱۶، لاپەڕەکانی ۹۴۱-۹۲۵). ئەو ئاڵوگۆڕانە یارمەتیدەر دەبن تا ئێران لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە یەکێک لە هەستیارترین جوغرافیاکان بۆ مرۆڤ و ژیانی سرووشتی. لە هەمان کاتدا، سەرەڕای ئەوە، دەوڵەتی ئێران ئەو ئالنگارییانە وەک پرسی ناگرینگ سەیر دەکات و درێژە بە قوربانیکردنی ژینگەی سرووشتی بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی وێرانکەر و پیشەسازییەکانی دەدا. سامانە ئاوییەکانی ئێران قوربانیی سەرەکیی گەشەکردن و چالاکییە پیشەسازییەکانن (دەوڵەت ئابادی، ۲۰۱۲، مەدەنی و ئەوانی دیکە، ۲۰۱۶؛ جەهانگەرد ۲۰۱۸؛ حەسەنیان ۲۰۲۰؛ میرزاوەند و باقری، ۲۰۲۰). بەنداوی زەبەلاح، تونێل و کاناڵ لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی زایینییەوە بە مەبەستی باشترکردن و گواستنەوەی بەرفراوانی ئاوی نێوان حەوزەکان، گەیاندنی ئاو بە بنەماڵەکان، کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ناوەندی ئێران جێبەجێ کراون. بەڵام، دەستپێشخەرییەکانی چالاکییەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوونە هۆی هەرا و مشتومڕی زۆر لەبارەی تێکچوونە کۆمەڵایەتی-ژینگەیییەکانی پەیوەندیدار بەو پلانانەوە (کۆمیسیۆنی جیهانی لەمەڕ بەنداوان، ۲۰۰۰؛ قاسمی و وایت، ۲۰۰۷).

زیاتر لە یەک میلیۆن هێکتار زەویی

کشتوکاڵی، باغی میوە و دارستان لە ئاکامی هەڵبەستنی بێبەزەیی‌یانەی بەنداوان ژێر ئاو کەوتوون، لە ئاکامدا زیانی بەرچاو بەر ئێکۆسیستەمی سەرانسەری ناوچە بەخشندەکان کەوتووە (سەڤیک، ٢٠١٦). بە گوێرەی دایرەی پارێزگاری لە ژینگەی ئێران، ٢ میلیۆن هێکتار یان ٪٦٧ی زۆنگاوە ٣ میلیۆن هێکتارەکانی ئێران لەناو چوون (مەیدان، ٢٠١٦). وێرانکارییەکە وەها بەرچاوە کە تەنانەت هێندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردووەتەوە. بۆ وێنە، بە گوێرەی وەزیری پێشووی کشتوکاڵ، عیسا کەلانتەری، «ئەمڕۆ هیچ زۆنگ یان گۆلێکی وڵات نەماوە کە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی چالاکییەکانمان. ئێمە خۆویسترین جیلین کە لە ٧ هەزار ساڵی ڕابردوودا لەو وڵاتە ژیاوین» (هەواڵدەریی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێران، ٢٠١٧).


کەمیی ئاو لە ئێران بووەتە هۆی خوڵقاندنی قەیران و کێشەی زۆر، لە ناویاندا بەریەککەوتنی پەرەئەستێن لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی. سیاسەتی ئاوی ئێران، بە تایبەت هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ هەڵسوکەت لەگەڵ کەمیی ئاوی وڵات و دابینکردنی ئاو بۆ ناوچە وشکەکانی ناوەندی وڵات، ناتوانێ هەر وا بەردەوام بێ. لایەنێکی گرینگی قەیرانی ئاو لە ئێران ئەوەیە کە ئەزموونی کەمئاوی و هۆیەکانی ئەو کەمئاوییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە (وێنەی ژمارە ١). گواستنەوەی ئاوی ناوچە و پارێزگاکانی باکوور، خۆراوا و باشووری خۆراوای ئێران، لە ناویاندا چوار مەحاڵی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و مازەندەران (حەوزەکانی بەخشندە)، بۆ ناوچە بیابانە وشکەکان، لە ناویاندا ئیسفەهان، کرمان، قوم، سێمنان، یەزد و گوڵپایەگان (حەوزە وەرگرەکان) لە بەشە ناوەندییەکانی وڵات، بووەتە هۆی زەرەری قەرەبوونەکراوی کۆمەڵایەتی-ئابووری و هەژاریی ناوچە بەخشندەکان (وڵات بۆکان، ٢٠١٨ ب). ئەو سیاسەتە ئاوییە ناهاوسەنگە بووەتە هۆی خراپتربوونی پەیوەندیی دەسەڵات، کە پێشتریش خراپ بوو، لەنێوان ناوەند و خەڵکانی ناوچە پەراوێزەکانی وڵات. جووڵانەوەیەکی فرەلایەن بۆ دادپەروەریی ژینگەیی، ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ژینگەییی دەوڵەت بەرانبەر بە ناوچە و سامانەکانیان وەک هەڵاواردنکار و ناسەقامگیر و، داوای کەڵک وەرگرتنی بەرپرسیاران لە ئاو و دابەشینەوەی دادپەروەرانە و دەستراگەیشتن بە سامانەکانی ئاو، لە ناوچە پەراوێزەکانی ئێران سەری هەڵداوە (تیموتی، ٢٠٠٥؛ میرزاوەند و باوری، ٢٠٢٠).

وێژەی ئاکادێمیک لەمەڕ ئەو پرسە بوار بۆ دیتنی دەستەواژەی لێکهاڵاوی دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی خۆش دەکات (ڕید، ٢٠٠٩). ئەو توێژینەوەیە باوەڕی وایە کە سیاسەتی ئاوی ئێران بە ئاشکرا ناوەندگەرایانە (کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل. ٣)، هەڵاواردنکار و ئەتنیک گەرایانەیە و بە قازانجی دابینکردنی ئاو بۆ لایەنی دیاریکراوی کۆمەڵگا لەسەر حیسابی کۆمەڵگاکانی دیکە بەڕێوە دەچێ و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی زیانی بەرچاوی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی-ئابووری. لە بەشەکانی داهاتوودا، ئەوە شی دەکرێتەوە و زانیاری و بەڵگە پێشکەش دەکرێن کە کاریگەرییە تێکدەرانەکانی سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر گەلان و کۆمەڵگاکانی تەواوی پارێزگا و ناوچە پەراوێزەکانی ئێران، کە دەبێتە هۆی هەژاریی زیاتر و پەراوێز خران، ئاشکرا دەکەن.

## مێتۆد

### ئامانجی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی ناهاوسەنگی ناوەند-پەراوێز لە ئێران و کێشەکانی



● ناوچەکانی بێ زەختی کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن کەمێک زەختی کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن زەختی زۆری کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن قەیرانی کەمئاوی

**وێنەی ژمارە ١: نەخشەی ناوچەکانی ئێران کە خاوەن زەختی کامئاوین (زارعی، ٢٠١٨)**

پەیوەندیدار بە هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ ئاسایشی ئاو دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە قەیرانی ئاوی ئێران، گرژی و ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە دەستڕاگەیشتن و بەشینەوەی سامانەکانی ئاو ئاشکرا دەکات. ئەو توێژینەوەیە پێی وایە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت پڕ کێشەیە و کاردانەوەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی لەسەر کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ئێران هەیە (وینفیلد و مۆریس، ١٩٩٤). تێگەیشتن لە قەیرانی ژینگەییی ئێران و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و قووڵتربوونەوەی کێشەی نێوان کۆمەڵگەیی، چەندین ئامانجی لە پشتن. ئەو جۆرە توێژینەوانە یارمەتیدەری دەستنیشان کردنی سیاسەتی بەردەوامتری سامان و ژینگە و، بنیاتنانی پەیوەندیی یەکسانتر، گشتگرتر و دیموکراتیکتری نێوان ناوەند-پەراوێز لە وڵاتی پڕ کێشەی وەکو ئێرانن. ئەو توێژینەوەیە کەڵک لە شیکاریی چۆنایەتیی ناوەڕۆک وەک مێتۆدی توێژینەوە وەردەگرێ. مەبەستی شیکاریی ناوەڕۆک لێکدانەوەی زانیاری لەنێو بوارێکی دیاریکراودا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واتایانەیە کە خەڵک بۆیانی لەبەرچاو دەگرێ. ئەو زانیارییە توێژینەوەی سیاسی، بەڵگەنامەی دەوڵەتی (لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاگواستنی ئاوی نێوان حەوزەکان و دروستکردنی بەنداو)، وتارەکانی هەڵمەتی سیاسی و شتی دیکە دەگرێتەوە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، بخوێندرێنەوە، لێیان تێبگەن و بۆ مەبەستی تایبەتی کەڵکیان لێ وەربگیرێت. لە کاتی لێکۆڵینەوە لەو زانیارییە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە دەکرێ لێکۆڵینەوەیەکی باشوێژانە بەڕێوە بچێ و دەرئەنجام لە زانیاریی بەردەست، واتە نووسراوە و پەیام، لەمەڕ هەلومەرجی گەشەکردنەکەی و (هێندێک جار) ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی-کولتووریی لێدوانەکە وەرگیرێت (کریپەندۆرف، ٢٠٠٤). ئەو هەڵوێستە جەخت لەسەر لێکدانەوەی بابەتییانە دەکاتەوە و مەبەستی هەڵسەنگاندنی ژمارەیی زانیارییەکان و دەستەواژەی ژمارەیی نییە. لە جیاتان، ئەوە دەستنیشان کردنی بابەت و شێوازی جیاواز لە زانیارییەکاندا دەگرێتەوە. ئەو توێژینەوەیە لە لایەنە کێشەدارەکانی سیاسەتی ئاوی ئێران بە هەڵسەنگاندنی ژمارەیەک بیناسازیی ئاو (وەکو بەنداو، کاناڵی ئاو و تونێل) لە سەرانسەری پارێزگاکانی خوزستان، کوردستان، مازەندەران، چوارمەحاڵی بەختیاری و هەروەها کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-ژینگەییەکانی ئەو پڕۆژانە دەکۆڵێتەوە.

بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت

لە کۆمەڵگاکانی پەراوێزخراو و ژێردەستەکانی ئێـــران، هەروەهـــا ڕوانگـــە ڕەخنەگرانەکانی چالاکانی بواری ژینگە، زانستوانان و ڕێکخراوە ناحکوومییـــەکان، کە بـــە نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگایانـــە چالاکـــن کـــە ئەو سیاســـەتە کاریگـــەری لەســـەریان هەبووە. ئـــەو ڕوانگە نەرێنییانـــە و مەحکوم کردنانەی سیاســـەتی گەشـــەپێدانی دەوڵەتیـــش بووەتـــە بابەتی لێکۆڵینـــەوەی ناوەرۆک. بـــۆ جێبەجێکردنی ئەو توێژینەوەیە، گەڕانێکی بەرفراوان بەدوای زانیاریـــدا بەڕێوە چـــووە. زانیاریی کەڵک لێ وەرگیراو لەو توێژینەوەیەدا، لە ســـەرچاوەی جۆراوجۆر و بە بەکارهێنانی گەڕانی فرەزمانی کە فارســـی، کوردی و ئینگلیزی دەگرێتەوە، دەســـتەبەر کراوە. پتر لە دوو سەد بەڵگەنامە، کە ســـەرچاوەکەیان پشتراســـت کراوەتەوە، پۆســـتی سۆســـیال مێدیایی، بلاگ، بابەتی هەواڵ و ڕاپۆرت لەمەڕ ئاو و ژینگە، پشکنین و شیکاریان بۆ کراوە. لەو پەیوەندییەدا، زانیاری لە چەند پۆرتاڵی سەرهێڵ وەکو مەیدان (-htt ps://meidaan.com/)، ئەژمـــاری ڕێکخـــراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز لە ئینســـتاگرام و تێلێگـــرام (واتـــە t.me/chya_ngo, t.me/ kanibell, t.me/sedayepayeab1, t.me/Wl- latBokan) وەرگیراون. ‹کەمئاوی›، ‹بەنداو›، ‹گواســـتنەوەی ئـــاوی نێـــوان حـــەوزەکان، هەڵاواردن/ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی›، لە چوارچێوەی ئێراندا ئەو چەمکە ســـەرەکی و وشانە بوون کە بەدوای کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەو توێژینەوە کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەوانەی ژێرەوە ســـەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، توێژینەوەی ستراتێژیک و بەڵگەنامە لەبارەی چالاکییەکانی گەشـــەکردنی ئاو و پرۆژەکان بوون. ئەوانە زۆربەی هەرەزۆریان بە فارسین؛ جوغرافیا و پەیوەندییە مرۆیییەکان (جغرافیا و روابـــط انســـانی)، ناوەنـــدی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک (مرکز بررســـیهای استراتژیک)، گۆڤاری ئابووری (مجله اقتصادی)، بلاڤۆکی زانســـتی-توێژینەوەی ئوقیانووسناسی (نشریه علمی پژوهشی اقیانوس شناسی)، کۆمپانیای بەڕێوەبەریی سامانەکانی ئاوی ئێران (شرکت مدیریت منابع آب ایران)، وەرزنامەی گەشەی ژینگەیی و نێوانکەرتی (فصلنامه علمی زیست و توسعه فرابخشـــی) و، گەلێک سەرچاوەی دیکە.

بێجگە لە بەشـــەکانی پێشەکی و مێتۆد، ئەو توێژینەوەیە لە سێ بەش پێک هاتووە:

**١** چوارچێـــوە چەمکییەکـــە: بـــۆ بـــاس و شـــیکردنەوەی ئەوە کە چـــۆن چەمکی وەکو ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، سوری ئاو-کۆمەڵگا [کاریگەریـــی دوولایەنـــەی ئاو-کۆمەڵگا] و، ڕێچکـــەی ســـەخت (بەڕێوەبەریـــی لایەنی دابینـــکاری ئاو)، لە بەرانبـــەر ڕێچکەی نەرم (بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو)، سیاسەتی ئاویی ئێران دەگرنەوە.

**٢** گواســـتنەوەی ئاوی نێوان حـــەوزەکان و بەنـــداوەکان لە ئێران: ئەو بەشـــە دیدێکی گشتی لەسەر ژمارەی بەنداوەکان، کاناڵەکان، تونێلەکان و ژێرخانەکانـــی دیکەی ئاوی کە بوونـــە ئامانجی گواســـتنەوەی ئـــاوی نێوان حەوزەکان پێشکەش دەکات. جەخت لەسەر چەند نموونەی بینای ئاویی وێرانکەر لە ناوچە و پارێزگاکانی ژێـــر لێکۆڵینەوە دەکاتەوە. ئەو هەروەها شـــی دەکاتەوە چۆن دامودەزگاکانی ئێرانی پاســـاویان بۆ ئەو بینایانە و کاریگەرییە چارەنووسسازەکانیان لەسەر کۆمەڵگا-ژینگە و بەردەوامی هەیە.

**٣** بەشـــی ‹کاریگەرییەکانـــی سیاســـەتی ئاویـــی ئێران› ڕوانگەیەکی بەربڵاوتر لەســـەر سیاســـەتەکانی ژینگەیی ئێـــران و هەروەها پەرچەکردار و بەرهەڵستکارییەکانی ڕێکخراوە ژینگەپارێـــزە ناحکوومییـــەکان و کۆمەڵـــگا ژێردەســـتەکان بەرانبەر تێکچوونی ژینگە و دەسپێشخەرییە گەشەکردنەکانی ئاراستە کراو لـــە لایەن دەوڵەت دەگرێتـــەوە. بێجگە لەوە، ئەو بەشـــە دەپەرژێتە ســـەر نیگەرانییەکانی

پەیوەندیدار بە ئاو لە ڕوانگەی ناوچەییەوە، وەکو کێشەی نێوان ئێران و ئەفغانستان لەسەر مافەکانی ئاوی ئەمبەر ئەوبەری سنوورەکانیان و چۆن ئـــەوە دەتوانێ ببێتە هۆی کێشـــە و پێکدادانی ئەوتۆ کە ســـەقامگیریی هەرێمی بنکۆڵ بکات.

## ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

بابەتەکە بە شـــێوەی ســـەرەکی بە یارمەتیی چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی شـــی دەکرێتەوە کە لە خـــوارەوە وردتر باس دەکرێ. لایەنەکانی سیاســـەتی ئاو لە ئێران، لە ناویاندا دروســـتکردنی زێدەڕۆیانەی بەنداو و ئەندازیاریـــی ژێرخانی ئاو بۆ ڕاگواســـتنی ئاو لـــە پارێزگاکانـــی پەراوێزەوە بـــۆ ناوچە ناوەندییەکان، وەک ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی داســـەپێنراو بەســـەر تاقمە نەتەوەییەکانی نافارس، وەکو کورد کە دانیشـــتووانی ناوچە خۆرهەلاتییەکانی ئێرانن، عەرەبی خوزســـتان لە باشـــووری خۆراوا و گیلەکی مازەندەران لە باکووری ئێران سەیر دەکرێ. ئەو توێژینەوەیە هەروەها باسی ئەو بەنداوانە دەکات کە نە تەنیا لە ڕوانگەی ژینگەییەوە ماڵوێرانکەرن، بەڵکو لە خزمـــەت بەرژەوەندییەکانی بەناو «مافیای ئاوی» ئێرانـــدان. دوایین برگەی توێژینەوەکە باســـێک لەســـەر هاوکارییـــە هەرێمـــی و نێودەوڵەتییـــەکان لەبـــارەی بەڕێوەبەریی ئاو پێشـــکەش دەکات، بە تایبەتی لە پەیوەندیی لەگـــەڵ ئاوە هاوبەشـــەکاندا (ڕەمەزانی، ٢٠١٩). ئەو توێژینەوەیە پەنجە لەسەر زیانە ژینگەیی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانـــی ئەزموونکراو لە هێندێک لە ناوچـــە پەراوێزەکانی ئێران، واتە چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و مازەنـــدەران، بـــە چاویلکـــە تیۆریکەکانی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی دادەنێت (بولارد، ١٩٩٣؛ لازاروس، ٢٠٠٠؛ ئیـــگان، ٢٠٠٢). ویـــژەی بەردەســـت لەمەڕ ژینگەناسیی سیاسی باسی چۆنیەتیی کارتێکەریی دوولایەنەی سیاسەت و ژینگە، هی نێوان ســـەرکوت و بەرگریکردن و شێوازی کاریگەریی سیاسەتەکانی ئابووری و ژینگەیـــی لەســـەر بەردەوامیـــی خەڵک و کۆمەڵـــگا ژێردەســـتەکان دەکات (ڕۆدریگێز-لاباخـــۆس و مارتینێز-ئالیـــەر، ٢٠١٥). بەڵگـــەی باش بۆ تێکگیرسانی کێشـــە ژینگەییەکان لەگەڵ کێشەکانی شوناسی مرۆڤ، کێشەکانی پەیوەندیدار بە خاکەوە و کێشمەکێشـــەکان لەسەر ســـامانەکان، لەبەردەســـتدان (گلیەک، ١٩٩٣؛ ڕەنجان، ٢٠١٢؛ خان و ئاوان، ٢٠٢٠).

دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٢ لە لایەن بنیامین چاڤیس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی خەڵکی ناسپیپێست و چـــالاک و ڕێکخەرێکی لەمێژینەی خەبات بـــۆ مافە مەدەنییەکان، کەڵکـــی لێ وەرگیرا. چەمکەکە لەخـــۆوە کاتێک درکا کە چاڤیس خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ پێشکەشـــکردنی ڕاپۆرتێک بە یانەی ڕۆژنامەوانیی نیشتمانی بوو کە ناوبراو یەکێک لە نووسەرانی بوو و لەبارەی ســـەرگوێلکی پاشـــماوەی ژاراوی و ڕەگەز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو. بە گوتەی خودی چاڤیس، «[مـــن] هەوڵم دەدا تێبگەم چۆن بتوانم بە شـــێوەیەکی گونجاو باسی ئەو شتە بکەم کە لە ئارادایە. ‹ڕەگەزپەرستی›ی ژینگەیی بە مێشـــکمدا هـــات. ئەوە ئەو کاتە بوو کە من دەســـتەواژەکەم دروست کرد. بۆ من، ئەوە ئەو شـــتەیە کـــە ڕوو دەدات. ئەوە بوو بە خاڵی وەرســـووڕان بۆ یاسای ژینگەیی لـــە وڵاتـــە یەکگرتـــووەکان.» لازاروس دەڵێ «خاڵـــی وەرســـووڕانی دادپەروەریی ژینگەیی «پاڵنەرەکەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بووە»، بە تایبەت کاتێک کە تێکدانی ژینگە هۆیەکەی کار و چالاکییەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ئێلیتیســـت و ســـتەمکارە (لازاروس ئاماژەی بە چاڤیس کـــردووە، ٢٠٠٠، لاپەڕەکانـــی ٢٥٨-٢٥٧) ئیددیعـــای ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی یان ئێکۆلۆژیکـــی هەروەها دەبێتە هـــۆی داوای

چالاکانی بواری ژینگە بۆ کەڵک وەرگرتنی دادپەروەرانە و ڕەوشتی لە زەوی و سامانەکانی نوێبووەوە لە بەرژەوەندیی هەسارەیەکی بەردەوام بۆ سەرجەم گەلان و زیندەوەران (بولارد، ١٩٩٣).

بولارد دەڵێ هەر جۆرە سیاسەت، کردار یان فەرمانێک کە کاریگەریی جیاوازی لەسەر خەڵک، تاقم یان کۆمەڵگای بێبەش، بە هۆی ڕەگەز یان ڕەنگ هەبێ، ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە. بێجگە لەوە، ئەوە ڕێکاری ئەوتۆش دەگرێتەوە کە پێش بە ئەندامانی تاقمە بێبەشەکان دەگرێ تا لە کۆمیسیۆنەکانی یاسادانەر و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا بەشدار بن (بولارد، ١٩٩٣، لاپەڕەکانی ٢٦-٢٣) ڕەگەزپەرستی دەوری سەرەکیی لە پلاندانانی ژینگەیی لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا هەیە، کە ڕەگەز فاکتەری سەرەکی بۆ کەوتنە ژێر مەترسییەکانی ژینگەیی و ساخڵەمی و دەستڕانەگەیشتن بە خزمەتگوزاریی پزیشکییە (بولارد، ١٩٩٣، ل. ١٧؛ لازاروس، ٢٠٠٠).

دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی هەروەها نیشان دەدا چۆن فاکتەرە ڕەگەزی، ئەتنیکی و ئایینییەکان دەبنە هۆی ئەوە کە تاقمە پەراوێزخراوەکان زۆرتر لە کۆمەڵگا خاوەن ئیمتیازەکانەوە زەرەریان پێ بگات و بکەونە ژێر کارتێکەریی مەترسییە ژینگەییەکان. تیۆرییەکە چەند جۆر بابەت دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر ئاسەوارەکانی پرسە ژینگەییەکان لەسەر خەڵکانی بێبەش دەکات (پولیدۆ، ١٩٩٦). ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کۆمەڵگای فرەچەشن (وەکو ئێران)، کە پیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان دەکرێ زۆر جار وەک پەیوەندیی نێوان خاوەن ئیمتیازەکان و بێبەشان پێناسە بکرێ، کاتێک سەر هەڵدەدات کە سیاسەتەکانی ژینگەیی نوخبەگەرا و لایەنگرانەن، دەسەڵاتی کۆمەڵگا بێبەشەکان لەسەر کاروباری ژینگەیی کەم دەکاتەوە و ئەوان تووشی تێکچوونی ژینگەیی و بەتاڵانبردنی سامانە سرووشتییەکانی دەکات (پولیدۆ، ١٩٩٦، ل. ١٤٢).

ئەگەرچی لە وێژەی ئاکادێمیکدا دەستەواژەی بێلایەنیی ژینگەیی، دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی «زۆر جار ئاماژە بە پەیوەندیی جوغرافیایی لەنێوان پیسکردن و سەرگوێلکەکان لە وڵاتانی کەم داهات یان کۆمەڵگا کەمینەکان دەگرێتەوە»، مشتومرێک لە ئارادایە ئاخۆ ئەو نموونانەی زانایان دەیبینن «وەک بەڵگەی نایەکسانی، نادادپەروەری و ڕەگەزپەرستی دێنە ئەژمار» (هۆڵیفیلد، ٢٠٠١، لاپەڕەکانی ٧٩-٧٨) هیچ هاوڕاییەک لەنێوان زانایاندا لەبارەی چۆنیەتیی پێناسە کردنی دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بوونی نییە، ئەوە لە ڕوانگەی هێندێک کەسەوە هەڵخەڵەتێنانەیە. بەڵام، سەرەڕای ئاڵۆزیی مێتۆدناسی و دەستەواژەییەکەی، شێوەی شیکردنەوەی هۆڵیفیلد بۆ ئەو دەستەواژەیە، ڕەوایی بە کەڵک لێ وەرگرتنی لەو توێژینەوەیەدا دەدات. ئەو دەڵێ دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی قەت چەمکی شیکەرەوەی ساکار نەبوون و نابێ بەو شێوەیە هەڵسوکەتیان لەگەڵدا بکرێ. وەک جێگرەوەیەک، ئەو پێشنیار دەکات:

> *ئێمە دەبێ قبووڵ بکەین کە خەڵک لە چوارچێوەی جوغرافیایی، مێژوویی، سیاسی و، دامەزراوەیی جیاوازدا، بە شێوەی جیاواز لە دەستەواژەکە تێدەگەن. لە جیاتی نەبوونی پێناسەی گەردوونی وەک بەربەستێکی گەشەکردن سەیر بکەین، پێویستە لە پانتا و فرەیی لێکدانەوەکان وەکو ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەری توێژینەوەی نوێ کەڵکی لێ وەرگرین. بێجگە لەوە، ئێمە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە لێکدانەوەکانی دەستەواژەکان، بە ناچار، کاردانەوەی*

*سیاسییان هەیە. توێژینەوەی ئێمە دەبێ گریمانەکانمان لەمەڕ سرووشتی ڕەگەزپەرستی و دادپەروەریدا ڕوون بکاتەوە. (هۆلیفیلد، ۲۰۰۱، ل. ۷۸).*

لەولامی نیگەرانییەکان لەمەڕ دابەشینەوەی ناهاوسەنگیی بارە ژینگەیی‌یەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز و ڕێکخراوانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ باسی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی‌یان کردووە. جوولانەوەی دادپەروەریی ژینگەیی زۆر جار پرسیاری وەکو «قازانج و بارەکانی سیاسەتی ژینگەیی چۆن دابەش کراون؟ کێ چی بەر دەکەوێ، لە کوێ و بۆ؟ ئاخۆ چالاکییەکانی گەشەکردن کاریگەریی ناهاوسەنگیان هەیە؟» و، گەلێک پرسیاری ئەوتۆ (بولارد، ۱۹۹۲). هێندێک لەوانە لە بەشی ئەو پرسیارەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ «سیاسەتی ئاویی ئێران چۆن یارمەتیدەری نادادپەروەریی ژینگەیی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی لە ناوچە و پارێزگاکانی پەراوێزی وڵات بووە؟»

## ڕێچکەی ڕەق لە بەرانبەر ڕێچکەی نەرمدا

کێشەکانی ئاو ئاڵۆزن و کاریگەریی بەرچاویان لەسەر مرۆڤان و ساخڵەمیی سیستەمی ژینگە و بەردەوامی هەیە. ئەو کێشانە وەکو ‹کێشەی باوی دژوار› پێناسە کراون (گلەیک، ۲۰۰۳) و، ڕێگاچارەکەیان تێکەڵاوێک لە هەڵوێستی گونجاوی زانستی و دەوڵەتداری دەخوازێ. چەند ڕێگاچارەیەک، وەک بۆ وێنە ‹ڕێچکەی نەرم› و ‹ڕێچکەی ڕەق› بۆ بەڕێوەبەریی سامانە ئاوییەکان بوونیان هەیە. لەبەر بوونی ڕوانگەی جیاواز لەسەر ئاو وەکو سامان، تەکنیکی جیاواز بۆ دابینکردن و داواکاریی جیاواز هەن. ‹ڕێچکەی ڕەق› پێی وایە ئاوی تازە بە ڕێژەی بێسنوور هەیە و سامانەکان بە شێوەیەک گەشەیان پێ دەدرێ تا پێداویستیی مرۆڤەکان دەستەبەر بکرێ. بەڵام، ‹ڕێچکەی نەرم› دان بەوەدا دەنێ کە سامانەکانی ئاوی تازە سنووردارن، بۆیە لە جیات گەڕان بە دوای سەرچاوەی دابینکردنی بێسنوور، جەخت لەسەر باشترکردنی بەردەوامی کاریگەرییەکەی دەکات. بۆیە، لە دۆخی کەمیی ئاودا، ڕێگاچارەی بەڕێوەبەریی دابینکردن ئەوەیە لە جیات زیاترکردنی ئۆتوماتیکی سەرچاوەی ئاوی زیاتر، ڕادەی کەڵک لێ وەرگرتنەکە کەم دەکرێتەوە (گلەیک، ۲۰۰۳؛ براندەس و کریووکەن، ۲۰۰۶). ئەو ڕێگاچارەیە تێوەگلاندنی خەڵکی هەرێمەکە لە بڕیاردان لە مەڕ بەڕێوەبەریی ئاو، دابینکردن و کەڵک لێ وەرگرتنی دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە هاوکات بەرەو بە سیستەمی بەردەوام و درێژمەودا بە دابەشینەوەی گونجاوی سەرچاوەکانی ئاو دەدرێ. بێجگە لەوە، بە گوێرەی ئەو هەڵوێستە «ئامانجی کۆمەڵگا نابێ بەکارهێنانی ئاو، بەڵکو خۆشبژیویی کۆمەڵگا و تاک بۆ هەر یەکەیەک لە ئاوی بەکارهێنراو» (گلەیک، ۲۰۰۳، ل. ۱۵۲۷). بروکس و پیترز لە کتیبەکەیاندا (۱۹۸۸، ل. ۳) کە وەکو هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە و خۆگر لەبارەی بەڕێوەبەریی سامانەکانی ئاو، لە کاتی کەمیی ئاودا، سەیر دەکرێ دەڵێن بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو بە شێوەیەک پێناسە بکە کە، «هەر ڕێکارێک کە ڕێژەی مامناوەندی و ترۆپکی هەڵێنجانی ئاو لەسەر زەوی و سامانە ژێرزەوەییەکان، بێئەوەی ڕادەی تێکچوونی چڵکاو زیاد بکات، کەم بکاتەوە».

پەرەپێدانی ژێرخانە ئاویی-ژینگەیی‌یە زیانبەخشەکانی دەوڵەت، وەکو پلانەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوێ نێوان حەوزەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی زیادەڕۆیانەی سامانەکانی ئاو ( واتە بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و پیشەسازی )، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لە ئێران بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکاری ئاو، هەڵوێستی سەرەکییە. کەوابوو، خولیای دەوڵەتە جیاجیاکانی ئێران بۆ

گەشەکردن و پێشکەوتن بە بەراورد بێبەشن لە ستراتیژییەکی ڕێچکەی نەرم، کە پێک هاتبێ لە سیاسەت و وەبەرهێنانی درێژخایەن و گشتگر بۆ بەڕێوەبەریی ئاو. شکستی ئەو دەوڵەتانە لە بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو دەتوانێ بۆ فاکتەری وەکو بەڕێوەبەریی خراپ، گەندەڵی و لاگریی ئەتنیکی بگەڕێتەوە کە کاریگەری لەسەر ئەو لایەنەی کۆمەڵگا، ژینگە و سامانەکان هەیە (حەسەنیان و سوهرابی، ٢٠٢٢). بە هەست پێکردن بە سنووردار بوونی ڕێکارەکانی لایەنی دابینکار، هەروەها لە ئێران بیر لە بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاریش کراوەتەوە. بۆ وێنە، بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی لە کەنداوی فارس/عەرەب، بۆ پەرەپێدانی سامانەکانی ئاوی شیرن، لە ناوچە کەنارییەکان کارگەی شیرنکردنی ئاو دروست کراون (پاپارێللا، داگۆستینۆ و برت، ٢٠٢٢). بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئاسەوارە زیانبارەکانی بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکاری ئاوی وڵات، ستراتیژیی ڕێچکەی نەرم وێدەچی بچووک و بێبایەخ بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێچکەی نەرم هەڵوێستێکی وەرچەرخانە بۆ بەڕێوبەریی ئاو کە «پێویست بە ئاڵوگۆڕی دامەزراوەیی، لێهاتوویی و ئامرازی بەڕێوەبەریی نوێ و، پشتبەستنی بەرینتر بە کرداری ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەر دەخوازێ تا تەنیا چەند ئەندازیار» (گلەیک، ٢٠٠٢، ل. ٣٧٣).

بە گوێرەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی-ئاوی، ڕێژەی ئاو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-سرووشتی سەیر دەکرێ کە بێپسانەوە سرووشت و کۆمەڵگا لێک گرێ دەدا. ئەو هەم پرۆسەیەکی فیزیکی و هەمیش کۆمەڵایەتییە (سوینشاداو، ٢٠٠٩؛ لەبباف خانیکی، ٢٠٢٠). بە ئیلهام وەرگرتن لە لێکۆڵینەوە بەربەرینەکەی سوینشاداو لەمەڕ لایەنی ئابووریی سیاسی و ئێکۆلۆژیکی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا، ئەو توێژینەوەیە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پێکهاتەی تەکنیکیی کۆمەڵایەتی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا، نایەکسانیی دەسەڵاتی کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن و پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتن بە ئاو و لاسەنگیی دەسەڵاتی سیاسی کە کاریگەریی لەسەر ئاراستەی ئاو هەیە، پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. سوینشاداو گوتەنی (٢٠٠٩، ل ٥٩) «بە ڕاستی پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان نەزمی ئاو-کۆمەڵگا و شێوازی سیاسی-ئابووری هەیە، بە واتایەکی دیکە، لەنێوان ‹سرووشتی کۆمەڵگا› و ‹چۆنیەتیی ئاراستەی ئاوەکانی›، هەر پرۆژەیەکی ئاو-کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا-ژینگەیە.» بۆیە، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئاو لە ئێران، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەوە لەو وڵاتەدا لەبەر تیکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە هۆیەکان، لە ناویاندا بەربەستی دامەزراوەیی (واتە بەڕێوەبەریی خراپ، گەندەڵی و لاگری)، پێداگرییەکی زێدەڕۆیانە لەسەر بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکار و بەڕێوەبەریی نەشیاوی لایەنی داواکار، وێدەچی پەرە بستێنن.

## گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و بەنداوەکانی ئێران

**گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران**

ئەگەرچی بینای فیزیکیی ئاو، وەکو بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان سوودیان بۆ چەند میلیارد کەس لە سەرانسەری دنیادا هەبووە، لە هەمان کاتدا زۆر جار بوونە هۆی زەرەری مەزنی چاوەڕواننەکراوی ئابووری-کۆمەڵایەتی و ژینگەیی (گلەیک، ٢٠٠٣). پلانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران بەخێرایی و بە شێوەیەکی هێرشبەرانە پەرە دەستێنن کە دەبنە هۆی تێکچوونی سیستەمی ژینگەیی، کولتوور و کۆمەڵگاکانی ناوچە بەخشندەکان. هەموو ساڵێک، پێشنیاری پرۆژەی نوێ بە دەوڵەتی ئێران دەکرێ کە زەختی سیاسی لە پشتە. ئەگەرچی پرۆژەکانی گواستنەوەی

ئاوی نێوان حەوزەکان یارمەتییان بە کەمکردنەوەی چڕیی کەمئاوی لە ناوچە وەرگرەکان کردووە، بەڵام ئاسەوارەکانی بۆ ناوچە بەخشندەکان بەرچاو بووە. بە گوێرەی ئامۆژگاریی زانستی، پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دەبێ تەنیا کاتێک پەسەند بکرێن کە دۆخی ژینگەیی هەنووکە و داهاتووی حەوزە بەخشندەکان پشترییەتی پێ بدرێ، کاریگەرییان لەسەر سیستەمی ئاوی حەوزە بەخشندەکان نەبێ و خەڵکی ئەو ناوچانەی حەوزەکانی لێ هەڵکەوتووە، دژایەتی نەکەن. بێجگە لەوە، گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان تەنیا کاتێک کەڵکی لێ وەرگیرێت کە بە مەبەستی دابینکردنی ئاو بۆ پێداویستییەکانی ماڵان بێ، نە وەکو بۆ مەبەستەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ (میدۆر، ١٩٩٢؛ تیەن بوی، ٢٠٢٠؛ کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١). بەڵام، بە هۆی لاگریی ئەتنیکی و گەندەڵیی دەوڵەتی، دامودەزگاکانی ئێرانی گوێ نادەنە پێوەر و ڕێنوێنییە ژینگەیی و زانستییەکانی پەیوەندیدار بە گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان. دەوڵەت سەرەڕای وشکەساڵی، قەیرانی ئاو و ناڕەزایەتیی ناوچە بەخشندەکان، درێژە بە دروستکردنی بەنداو و ژێرخانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دەدا (فانی و مەعروفی، ٢٠١٧؛ عەبباسی، ٢٠٢١).

بە جەختکردنەوە لەسەر گرینگیی سیاسی و ئابووریی ئاو، ڕابێرت ئێف کێنێدی دەڵێ، «ئێمە شایەتی شتێکی پێشتر نەبینراوین: چی دیکە ئاو لە هەورازانەوە نارژێتە خوار. ئەو بەرەو دراو دەڕوا» (سوینشاداو ئاماژەی پێ کردووە، ٢٠٠٩، ل. ٥٦). بە پشتبەستن بە لێدوانێکی گرینگ، سوینشاداو (٢٠٠٤) دەڵێ کە ڕوانگە سیاسی-ژینگەناسییەکان لەمەڕ ئاو پەیوەندییەکی ناسک لەنێوان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری و گۆڕینی سوڕی هیدرۆلۆژیک لە ئاستی هەرێمی، ناوچەیی و جیهانیدا هەیە. تیۆریزانانی دەوڵەتی و کاربەدەستانی وەکو ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری ئێران لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٧ و کەسایەتیی دیاری شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩ تا کاتی مردنی لە ٢٠١٧، هاندەری سیاسەتی ئێستای ئاوی ئێران بوو، واتە ڕەخساندنی بوار بۆ دروستکردنی بەنداو بۆ باشترکردنی دۆخی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، شوێنی ناوەندە پیشەسازییە زەبەلاحەکان و ئەو شوێنەی زۆربەی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی ئێران خەڵکی ئەو دەڤەرەن. لەو سیاسەتەی دروستکردنی ژێرخانی زەبەلاحدا، بێجگە لە بەنداو، کاناڵ و تونێل لێدان ڕێکارە بنەڕەتییەکانی باشترکردنی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانن. سەرەڕای ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتە بۆ سەر ژینگە، دەوڵەت بە حەزەوە خەریکی جێبەجێکردنیەتی (ئیرنا، ١٩٩٦). بارودۆخەکە ئاشکرای دەکات کە گۆڕینی دەستێوەردانەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەی سوڕی هیدرۆلۆژیکی، سرووشتێکی سیاسییان هەیە و پەیوەندیی ئابووری دەورێکی پەرەئەستێن لە پێناسەکردنی پڕۆسەی سوڕی ئاو-کۆمەڵگادا هەیە و ئەو بابەتە دەکاتە هۆی ململانێ و مشتومڕ.

ڕێکخستنی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا بە شێوەی ئاسایی نوێنگەی حەزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی تاقمی خاوەن دەسەڵاتە. بۆیە، ئەوە زۆر گرینگە کە لێکۆڵینەوە لە کارتێکەریی دوولایەنە لەنێوان سیستەمەکانی سیاسی، ئاستی کەڵک وەرگرتن لە ئاو، بەڕێوەبەری و دابەشینەوەکەی و هەروەها پێکهاتەی سیستەمی ئاو-کۆمەڵگا بکرێت (سوینشاداو، ٢٠٠٤). بە گوێرەی مێهدی پەژوهێش، توێژەرێکی زانستگای شاری کورد، بەڵگەنامە و سیاسەتی ئاوی ئێران لە ٢٠١٩، «نادادپەروەرانەیە و بە شێوەیەک داڕێژراوە کە

لە بەرژەوەندیی دروستکەرەکاندایە و خزمەت بــە بەرژەوەندییەکانــی ناوچــە بیابانییەکان دەکات»، واتە پارێزگاکانی ناوەندی ئێران (لە مەیداندا ئاماژە بــە پەژوهێش کراوە، ٢٠٢١ ئـ). ڕێژەیەکی بەرچاو لە گواســتنەوەی ئاوی نێوان حــەوزەکان بە هۆی پەرەئەســتاندنی چالاکییەکانی پیشەســازیی فــرە ئاوخواز لە ناوچــە بیابانییەکان پێویســتە کــە دەبێتە هــۆی لێکهەڵتەکاندنی هاوســەنگیی نێوان دابینکردن و بەکارهێنانی ئاو. لەبەر ئەو هۆیە، پەژوهێش ســتراتێژیی گەشەپێدانی دەوڵەت دێنێتە ژێر پرســیار و دەلیــل دێنێتەوە کە «ئەو کۆمپانیا ئاو هەڵلووشــەرانە پێویستە لە جیات ئەو شوێنانەی کامئاون، لەو پارێزگایانە دامەزرێن کە ڕێژەی ئاوی پێویستیان هەیە.» و ناوبراو ئەو پرســیارە دێنێتە گۆڕێ «بۆچی پارێزگاکانی ناوچەی زاگرۆس، بە پۆتانسیەلی مەزن بۆ گەشــەکردن، پاشگوێ خراون و لە هەژاریدا جێ ماون لە کاتێکدا پیشەســازییە ئاو هەڵلووشــەرەکان لە پارێزگا بیابانییەکانی ئیســفەهان، یەزد و کرمــان جێگیر کراون» (مەیدان، ٢٠٢١ب).

لە ئێران، پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی/کشــتوکاڵ، پــۆڵا و گەشــەی دانیشــتووان ســێ فاکتــەری ســەرەکیی داواکردنن کە ڕەنگدانەوەی کارتێکەریی نێوان دامەزراوە/مەرجەکانــی نێوخۆیــی و زەختی ژینگەیین. بۆ وێنــە، خولیای دەوڵەتی ئێران بــۆ خۆبژیویــی خواردەمەنــی و دابینکردنی ڕێژەیەکی ناهاوســەنگ بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئــەو پیشەســازییەی کردووەتــە مەزنترین بەکارهێنــەری ئــاو لە ئێران. لەنــاو گەلێک پرۆژەی جێگای مشــتومڕدا، دانی مۆڵەتنامە بە گواســتنەوەی ئاوی نێــوان حەوزەکان لە ڤەنەک بۆ سۆلگان بە نێوی هەوڵی خۆبژیویی خورادەمەنی پاســاوی بــۆ هێنراوەتەوە. دانی مۆڵەتنامە بە پلانی ئەوتۆ لە جیات ستانداردی زانســتی-ژینگەیی بە هۆی زەختی کەس و دامەزراوەی دەستڕۆیشــتوو مسۆگەر دەکرێن (مەرگان، ٢٠١٧). بێجگە لەوە ئاو بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە مەبەســتی ئاوداشتنی باغە پســتەکانی ناوچەی ڕەفسەنجان لە پارێزگای کرمان ڕاگوێزراوە. لــە کاتی بەڕێوەبەرایەتیی محەممەد مەرعەشی، کۆمپانیای گەشەپێدانی ڕەفســەنجان، لە ٢٠١٧ بــەولاوە چاودێریی جێبەجێکردنی گواســتنەوەی ئــاوێ نێوان حەوزەکانــی ڤەنەک-ســۆلگان-ی کردووە. ئامانجی ئــەو پرۆژەیە دابینکردنی ئاو بۆ باغە پستەکانی ڕەفسەنجانە. بە گوێرەی کۆمپانیای ئــاوی ماهاب قــودس، « گواســتنەوەی ئاو بــە مــەودای ٦٣٧ کیلۆمیتر بە مەبەســتی پیراگەیشــتن بە باغەکانی پستە لە ڕوانگەی بازرگانییەوە ڕەوایە» (مەرگان، ٢٠١٧). هەروەها ئاوی بەنداوی ڤەنەک لە پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیارییەوە بۆ ڕەفسەنجان گوازراوەتەوە. لە یەکەم ساڵەکانی سەرۆک کۆماریی محەممەد خاتەمیــدا (٢٠٠٥-١٩٩٧)، چالاکییەکــەی بە شێوەی کاتی وەستێندرا. بەڵام، گواستنەوەی ئاو لە ٢٠١٣ بەولاوە و دوای پەسەندکرانی لە لایەن ئاژانسی ژینگە لە کاتی دەسەڵاتداریی ســەرۆک کۆمار حەســەن ڕوحانی (٢٠٢١-٢٠١٣) درێژەی هەبووە. لایەنگرانی پاراستنی ژینگە ئاشــکرایان کرد کە ئەو پلانە بە نهێنی و دوور لە ســتانداردەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حــەوزەکان جێبەجێ کــراوە (مەیدان، ٢٠١٩ئـ).

پرۆژەکانــی گواســتنەوەی ئــاوی نێوان حەوزەکان بوونە هــۆی هاندانی بەکارهێنانی زێدەڕۆیانــەی ئــاو لــە ناوچە وەرگــرەکان. بــۆ وێنــە، لــە پارێــزگای ســمنان ڕێژەی بەکارهێنانــی ئاوی هەر تاکێــک لە ڕێژەی مامناوەنــدی وڵات زیاتــرە، بــەڵام لەجیاتی هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنان، دەوڵەت پیشەســازیی ئاو هەڵلووشــەری زیاتری لەو پارێزگایــە دامەزراندوون، وەکو پیشەســازیی بەرهەمهێنانــی پــۆڵا (کیادەلیــری لــە مەیدان

ئاماژەی پێ کراوە، ٢٠١٩ ب). پیشەسازیی پۆڵای پارێزگاکانی ناوەند قازانجی بەرچاویان بۆ وەبەرهێنەران هەیە، بەڵام کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ژینگە و سامانەکانی ئاو هەیە. بۆ نموونە، لە بەرهەمهێنانی پۆڵادا نزیکەی ٢٣٠ هەزار لیتر ئاو بۆ دروستکردنی هەر تۆن پۆڵا بەکار دێ. بە پاشگوێ خستنی سەرجەم ئامۆژگارییە زانستییەکان، زۆربەی کارگەکانی پۆڵای ئێران لە ناوچە وشکەکان، وەکو پارێزگای خۆراسان یان ئیسفەهان هەڵکەوتوون کە ئەزموونی سەختی قەیرانی ئاویان هەبووە. دوو شاری پیشەسازیی دیکە، کە بەسەر یەکەوە رووبەری ٣٢٠٠ هێکتاریان دەبێ، خەریکە شارە پیشەسازییە ١٢ هەزار هێکتارییەکەی ئیسفەهان دروست بکرێ.

ئەو جۆرە پەرەپێدانی پیشەسازی لە ناوچەکانی بەناو بیابانیدا لە کاتێکدا جێبەجێ کراون کە ناوچەکانی وەکو چوارمەحاڵی بەختیاری، لۆڕستان، خوزستان، کوردستان و سیستان و بەلوچستان، سەرەڕای شیاوبوونیان، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پاشگوێ خراون. لەو ناوچانە هەلی بەرهەمهێنان و دامەزران بوونی نییە و، دەوڵەت ئەوەی کردووەتە سیاسەتێکی سیستەماتیک تا ئەوان هەژار و ناگەشەسەندوو بهێڵێتەوە. هەروەک رەخنەگرانی وەک حەسەن فروزانفەرد ئاماژەیان پێ کردووە، « ئەو بڕیارە بۆیە دراوە چونکە بۆچوونی ئێلیتیست پێی وایە سوودی ئابووریی ئەو جۆرە چالاکییانە دەبێ بۆ هێندێک پارێزگای دیاریکراو، کە کاربەدەستانی دەوڵەتی لێی ڕاهاتوون، تەرخان بکرێ » (مەیدان، ٢٠٢١ ج). بەڕاستی ئاسۆی ئابووریی ناوچە پەراوێزەکان چالاکانە زیانی پێ گەیشتووە، بۆ وێنە لەبەر وێرانکاریی ناوچەکانی ناوەندی زاگرۆس (مینبەری، ٢٠١٨)، بە هۆی زێدەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە سەرچاوەکانی ڕووبارەکانی کاروون و دێزەوە. بە گوێرەی فەرەجی بیرگانی (٢٠١٧)، «بەرهەمهێنانی سامان لە شوێنی وەکو یەزد، ئەردەکان، موبارەکە، کرمان و ڕەفسەنجان لەسەر حیسابی لەناوبردنی ژینگە و هەژارکردنی خەڵکی ناوچە پەراوێزەکان جێبەجێ کراوە». پیشەسازییە قورسە ئاوهەڵلووشەرەکانی ئیسفەهان، کرمان و یەزد دەتوانێ بۆ ئەو ناوچانە ڕاگوێزرێن کە سەرچاوەی زۆروزەبەندی ئاویان هەیە، وەکو کەنارەکانی چابەهار لە سیستان و بەلوچستان، یان هۆرمۆزگان. وەکو لە خوارەوە دێتە بەر باس، سیاسەتی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و دروستکردنی بەنداوەکان، پاڵنەرەکەی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئێلیتێکی گەندەڵ، یان «مافیای ئاوە».

سیاسەتی ئاویی ئێران لە بەهای ژینگەیی بەتاڵە و ڕێچکەی ڕەق، ڕێگاچارەی فیزیکیی بەردەوام کەڵکیان لێ وەردەگیرێت تا کامئاویی ئەو وڵاتە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەو ڕێگاچارانە بەرەورووی بەرهەڵستکاریی پەرەئەستێنی ئەو کۆمەڵگایانە دەبنەوە کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئاوی ناوچەکەیان دەگوازرێتەوە. نارەزایەتیی زۆر دژی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ناوچەکانی بەخشندە بەڕێوە چوون (وێنەی ژمارە ٢). لە چوارمەحاڵێ بەختیاری، نارەزایەتییەکان بە هۆی کەمئاوییەوە سەریان هەڵداوە کە کاریگەریی لەسەر ٤٦٠ هەزار کەس هەبووە، نیوەی دانیشتووانی پارێزگاکە دەستیان بە ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە ڕاناگا. خۆپیشاندەران لە شاری کورد، دروشمیان دەدا، «هیچ ئاوێک نابێ بگوازرێتەوە»، دەیانگوت بە دروستکردنی تونێلەکانی کوهرەنگ ٣، گولاب ٢ و بەهەشت ئاباد، سەرجەم پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیاری بەخێرایی تێدا دەچێ. بە گوتەی قاسم تەقیزادە خەمسی، وەزیری وزە، لە هاوینی ٢٠٢١، ژمارەی ئەو شارانەی گیرۆدەی قەیرانی ئاو بوون گەیشتووەتە ٣٠٠، کە لەو ژمارەیە،




**وێنەی ۲؛ خۆپیشاندانی خەڵکی خوزستان دژی گواستنەوەی ئاو لە کاروونەوە بۆ ئیسفەهان. لە باندرۆڵەکان نووسراوە: «کاروون بۆ خوزستان، نەوەک بۆ ئیسفەهان؛ ئێمە کاروون نەجات دەدەین» (گوڵکەرەمی و کاویانی ڕاد، ۲۰۱۷، ل. ۱۲۹).**

۱۰۱ شار لە دۆخی هەستیاری سووردان. گەلێک لە گرژییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکامی پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و هاوڕا نەبوون لەسەر ئەو پرسە کە کێ دەستی بەو ئاوە ڕا بگات و چۆن سەریان هەڵداوە (حەسەنیان و سوهرابی، ۲۰۲۲) لە ناویاندا کێشەی نێوان کاربەدەستانی پارێزگاکانی وەرگری ئاو لە ئیسفەهان و یەزد و کێشەی نێوان شارەکانی پارێزگای کرمان (کوردەواران، ۲۰۱۸). بۆ وێنە، لە دۆخی کرماندا، پسپۆڕان و دانیشتووانی باشووری کرمان دەڵێن ئامانجی گواستنەوەی ئاو دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتووانی کرمانە، بەڵام ئاوەکە دەدرێ بە بەشی پیشەسازی (پەیک ئیران، ۲۰۲۱).

## بەنداوەکانی ئێران

لە کاتێکدا بەنداوەکان وەک جۆرێک تەکنەلۆژیای ئاو دەتوانن بووژێنەری پڕۆژە هەژەمۆنیکەکانی دەوڵەت و گەشەکردن بن، لە ئێران بە هۆگەلی جۆراوجۆرەوە خەڵک بە شێوەیەکی بەرفراوان دژیان دەوەستنەوە. چالاکییە ئابوورییەکان هۆی سەرەکیی کێشەکانی ژینگەیی لە دنیان. گەشەی ئابووری و پێشکەوتن، هەردووکیان سەرچاوەی سامان و هەڕەشە بۆ سەر ژینگەن؛ ئەوان یارمەتیدەری بەردەوامبوونی نایەکسانین. گەشەی ناهاوسەنگ و بازرگانی بوونە هۆی ئافراندنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەنێوان نەتەوە و تاکەکان لە چوار سەدەی ڕابردوودا. ئەو پەیوەندییانە بە چەند شێوە پشتڕاست کراونەوە، لە ناویاندا «کۆلۆنیالیزم، ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و، ڕەگەزپەرستیی بە دامەزراوەییکراو» (هامیلتۆن، ۱۹۹۳، ل. ۶۳). گەشەی بەردەوام بۆ نەتەوە ژێردەستەکان و مانەوەی کۆمەڵگاکان گرینگە (حەسەنیان، ۲۰۲۱؛ ڕەحمانی، ۲۰۲۳)، بە تایبەت بۆ ئەو گەلانە «کە نە تەنیا بە دەست سیاسەتی ژینگەیی گەمژانەوە دەناڵێنن، بەڵکو گیرۆدەی

هەژاریی پەرەئەستێن، سووکایەتیی کولتووری و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسین» (پولیدۆ، ١٩٩٣، ل. ١٢٣).

بەنداو ژێرخانی گرینگ بۆ بەڕێوبەریی سامانی ئاون. لە سەرەتاکانی ١٩٤٠، لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم (١٩٧٩-١٩٤١)، ئێران دەستی بە دروستکردنی یەکەم بەنداوی مودێرن کرد، کە وەکو پرۆژەی ژێرخانی ئابووری، لەبەر یارمەتیدان بە بردنەسەری ئاستی ڕمێنی کشتوکاڵ ڕەواییان پێ دەدرا. بەڵام، دروستکردنی بەنداو لە ئێران بووەتە پیشەسازییەک کە لە کۆنترۆڵ و لە خزمەتی دامەزراوە گەندەڵەکانی دەوڵەتی، تاقم یان تاکدان، لە کاتێکدا خەڵکی ناوچە پەراوێزەکان تووشی مەترسیی نادادپەروەریی قووڵی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی دەکەن، دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو لایەنانە. هەر وەکو فاتمە زەففارنژاد، پسپۆڕێکی بواری گەشەکردنی بەردەوام، ئاماژەی پێ کردووە «بەنداوەکان ئاو ناگەیەننە خەڵک، بەڵکو نانی هێندێک لە کۆمپانیاکان دابین دەکەن (لە ئامان ئاماژەی پێ کراوە، ٢٠١٦، ل ٦).

هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوەی گەندەڵ و ناکارامەی دیکە، ئێران هەروەها «مافیای ئاو» یان «مافیای دروستکردنی بەنداو»ی هەن، کە هێندێک لە نەیارانی بەنداوەکان پەیوەندیی ئەوانیان لەگەڵ زەختی سیاسیی بۆ دروستکردنی بەنداوەکانیان پشتڕاست کردووەتەوە (مەیدان، ٢٠١٦). لە زۆر دۆخدا، دامودەزگا دەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ژینگەوە دژی سیاسەتی زێدەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوون، بەڵام لایەنی دیکە و دامەزراوەکان پشتگیرییان لەو چالاکییانە کردووە و دەسەڵاتی ئەوان لە سەرووی دەوڵەتەوەیە (سەید و مەریەم، ٢٠١٤). بۆ وێنە، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و قۆنتەراتچییەکانی زۆر جار بەرپرسی دروست کردنەکانن، بە قازانجی زەبەلاحی ئابوورییەوە، هەم بە دروستکردنی ژێرخانەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و هەروەها لە چالاکییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کە ئەو ئاوانە دابینیان دەکەن. بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی ئەندازیاری و بیناسازی و قۆنتەراتچییەکان هی سوپای پاسداران، دامەزراوەی موستەزعەفان کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەییدایە، دامەزراوەی ئایینی-ئابووریی ئاستانی قودسی ڕەزەوی و دامەزراوەی هاوشێوەدان. بە دەردی سوینشاداو دەڵێ، ئەو دۆخە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە « پێکهاتەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا، ئەو کەلێن و قوژبنانەی دەسەڵات کە کۆنترۆڵی دەستراگەیشتن و بێبەش کردن لە ئاوی بەدەستە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی نایەکسان کە کاریەگرییان لەسەر ئاراستەی ئاو هەیە، هەموویان بە چڕی لێک گرێ دراون» (سوینشاداو، ٢٠٠٩). چالاکانی بواری ژینگە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەو تاوانبارانە دەڵێن مافیای ئاوی ئێران.

سیاسەتوانانی پارێزگاکانی ناوەندی ئێران، لە ناویاندا محەممەدڕەزا عارف، حەبیوڵڵا بیتەرەف، ئیسحاق جەهانگیری، محەممەد خاتەمی، عەلی ئەکبەر ئەولیا، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، محەممەد حاجی ڕەسولیها و ڕەسوڵ زەرگەر، دەکرێ وەکو ئەندازیارانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران سەیر بکرێن. هەر کام لەو کاربەدەستانە، بە شێوەی خۆیان و لە دەورەی کاتیی جیاجیادا، یارمەتیدەری گەشەپێدان و بە سیستەم کردنی پلانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوون. ئەوان سوودیان بە دەنگدەرانیان گەیاندووە و سەلمێنەری خزم خزمێنە و سوودگەیاندن بە ئەتنیکێکی دیاریکراو لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا بوون، بەڵام ئاشکراکەری

ئەو ڕاستییەشـــن کــە «پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان نەزمی کۆمەڵایەتی-ئاوی و شـــێوازی سیاسیی-ئابووریدا هەیە» (سوینشاداو، ٢٠٠٩، ل. ٥٩). بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی گواستنەوەی ئاو بۆ پارێزگاکانی خۆیان و دابینکردنی ئاو بۆ بازرگانیی خۆیان، ئەو کاربەدەستانە فەرمانی گۆڕینی ئاراســـتەی ڕووبارەکانیان دا، سەدان بەنداویان دروست کردن و هەزاران کیلۆمیتر تونێـــل و کاناڵیان هەڵکەنـــد، بە تێچوویەکی زەبەلاحی ئابووری بـــۆ دەوڵەت. ئەو «مافیای ئاوە»، زۆر بە ئاشکرا لە کاتێکدا بیتەرەف وەزیری وزەی دەوڵەتـــی خاتەمی لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ بوو، خۆی دەرخست. بەنداوە زیانبەخشەکانی گاتوندالیـــا و کاروونـــی ٢، هەروەها پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان کە ئاوی ئەلیگـــودەرزی بۆ گۆلپایەگان و قوم (ڕووباری قوم) گواســـتەوە، میراتی بیتەرەفن. بیتەرەف سەرکەوتووانە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئافتاب یەزد لە ٢٨ی مارســـی ٢٠١٧ گوتی، پرۆســـەی بڕیاردانی لێـــڵ و فریودەرانە بووە هۆی گواســـتنەوەی ئاوی دێـــز و کاروون بۆ یەزد (بیرگانی، ٢٠١٧).

لـــە نەوەدەکانـــی زایینییـــەوە، کەرتـــی دروستکردنی بەنداو گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیـــەوە بینیوە و بۆ ئاســـتی هەرەبەرزی پێشترییەتیی وڵات بۆ دەستپێشخەرییەکانی پێشـــکەوتن بـــەرز بووەتـــەوە (مەنوچێهـــری و مەحموودیان، ٢٠٢٢؛ زەفەرنژاد، ٢٠٠٩). سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاوی ئێران ئیلهام لە سیاســـەتی بەڕێوەبەریی دابینکـــردن وەردەگرێ (مدیریت عرضـــە) و، گەلێک لـــە بەنـــداوەکان بۆ ئەو مەبەســـتە دروســـت کراون (بەلـــوت، ٢٠٢٢، ل. ٣٧). بـــە گوێرەی زانیاریـــی فەرمی، ئێران ســـەدان بەنـــداوی هـــەن (٦٤٨ لـــە دۆخی کەڵـــک لـــێ وەرگرتنـــدان، ١٣٧ خەریکی دروســـتکرانن و بیر لە دروســـتکردنی ٥٤٤ دانـــەی دیکەش دەکرێتـــەوە). زیاتر لە ٢٥٠ لەو بەنداوانـــە لە پارێزگاکانـــی چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستانن. بەنداوی چاورەمـــی کاروون، بـــە بەرزاییی ٢٣٠ میتر، دووهەمین بەنـــداوی هەرەبـــەرزی دنیایە و دەکەوێتـــە دوای بەنـــداوی جینپینگی ١ی چیـــن ( ٣٠٥ میتر بەرزە). بـــەڵام، بەنداوی ناتـــەواوی بەختیـــاری، کە ئێســـتا خەریکی دروستکردنی لەســـەر ڕووباری بەختیاری لە پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیارین، چاوەڕوان دەکرێ دوای تەواوبوونـــی بە بەرزاییی ٣٢٥ میتـــر، ببێتە بەرزترین بەنـــداوی دنیا (موازی نەســـەب، ٢٠١٨، ل. ٣). زۆرێک لە بەنداوەکانی ئێران گیروگرفتـــی ئەمنییەتییان هەیە، یان لەبەر ئەوە کە لە هەڵســـەنگاندنی ئەمنییەتی ژینگەدا دەرنەچوون، بەڵام بەبێ پەسەندکرانی ئەمنییەتی و ژینگەیی دروســـت کراون، یان هیچ هەڵسەنگاندێکی ئەمنییەتییان بۆ نەکراوە (کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل. ٦٣) گەلێک لـــە بەنداوەکانی ئێـــران، بە تایبەت ئەوانەی ئاوی خواردنەوە بۆ کۆمەڵگاکان دابین دەکـــەن، لە دۆخێکی خراپـــدان. بە گوێرەی زانیاریی ڕادەســـتکراو لە لایەن کۆمپانیای ئاو و ئـــاوەڕۆی وڵات، « ٨٨ بەنداوی دابینکەری ئاوی خواردنەوەی وڵات لە دۆخێکی خراپدان، لە کاتێکدا ٥٦ لەوانە دۆخێکی هەســـتیاریان هەیـــە» (ئاژانســـی هەواڵدەریـــی قوتابییانی ئێران، ٢٠١٨)، کە سەلمێنەری پەیڕەوکردنی ڕێچکەی ڕەق لە بەڕێوەبەریی ئاو و لە هەمان کاتـــدا پەرەپێدانی نابـــەردەوام و وێرانکەری ژینگەیە.

نموونەیەکی ئەو دواییانەی بەنداوێک کە بووە هۆی لێک هەڵوەشانی کۆمەڵگە، بەنداوی تەنگی سورخە، کە ئێســـتا خەریکە دروست دەکرێ و لە سەر ڕووباری باشار لە پارێزگای کۆهگیلویـــە و بویرئەحمەد هەڵدەبەســـترێ. ســـەدان هـــەزار دانیشـــتووی کۆهگیلویە و بویرئەحمەد ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵییان لـــەو ڕووبارەوە دابین دەکرێ. چالاکیی بواری ژینگە، مورادی دەڵێ، « دروستکردنی تەنگی

سـورخ دەبێتە هـۆی پەرتەوازەبوونی دەیان هـەزار بنەماڵەی دانیشـتووی ئـەو دەڤەرە، لەناوچوونـی زینـدەوەری کێـوی و زەویی کشـتوکاڵی لە خـوارەوەی ڕووباری باشـار و زۆربـەی سـەرچاوەکانی ئـاوی پارێزگاکە وشـک دەکات» (پەیامـی مـا، ٢٠٢١). لـە ٢٠٢١ و لە کاتی سـەردانی سـەرۆک کۆمار ئیبراهیـم ڕەئیسـی بۆ یاسـوج و شـوێنی بیناکردنی بەنداوی تەنگی سـورخ، سەرەڕای چاوەڕوانیی خەڵکی دەڤەرەکە بۆ سـڕکردنی پرۆژەکـە، ڕەئیسـی بـە قۆنتەراتچییەکەی گوت پرۆسـەی بیناکردنەکـە خێراتر بکات. ئەو توێژینەوەیە تەنیـا چەند پرۆژەی بەنداو و گواسـتنەوەی ئاوی نێـوان حەوزەکان لە پارێزگای چوارمەحالی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و مازەندەران بە شێوەیەکی قووڵتر دێنێتە ژێر لێکۆڵینەوە تا ڕووبەری ئاسـەوارە کۆمەڵایەتی-ژینگەیی‌یەکانی سیاسەتی ئاویی ئێران نیشان بدات.


## بەنداوەکانـی چوارمەحاڵی بەختیاری و خوزستان

مەزنترین و تەنیا ڕووباری شیاو بۆ کەشتیوانی لە ئێران، ڕووباری کاروونە (رودخانە کارون)، کە لە ناوەڕاستی چیاکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگـرێ و بە نێـو بیابانەکانی خوزسـتاندا دەڕژێتـە خـوار، زیانێکی فـرە بەرچاوی لە ئاکامی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانەوە پێ گەیشـتووە (وێنەکانی ٣ و ٤). لە ئێسـتادا، کاروون بـە هـۆی دروسـتکرانی ٢٤ بەنداو لەسەر ڕێچکەکەی لە دۆخێکی قەیراناویدایە (کەعـب، ٢٠٢١، ل. ٩٢). لقە سـەرەکییەکانی ڕووبارەکـە بـە هـۆی جێبەجێکرانی دەیان پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، زیانیان پێ گەیشتووە. یەکێک لە مەزنترینی ئـەو پرۆژانـە، ڕایەڵەی گواسـتنەوەی ئاوی کوهرەنگە، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.

پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیاری شوێنی دوو ڕووبـاری مـەزن، کاروون و زاینـدە و هەروەها بەشـێکی بەرچاو لـە ڕووباری دێزە و لە ڕوانگەیەکی مێژوویی‌یەوە دابینکاری ئاو بۆ پارێزگاکانی دراوسـێی لە کاتی پێویستدا بووە. بەڵام، لەو ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکی نارێژەیی پرۆژەی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێـوان حـەوزەکان، کاری دابینکردنی ئاوی بۆ دانیشـتووانی خۆی دژوار کردووە. ئێسـتا زیاتـر لە ٢٠٠ گونـد بە هۆی وشـکبوونی کانیاوەکانیان، بـە تانکەر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرێ. بەشـکردنی ئـاو هەروەها کاریگەریی لەسەر چالاکییە ناسەقامگیرەکانی پیشەسازیی ئەو پارێزگایە داناوە.

ڕێژەیەکـی زۆر لە بەنـداوە خاوەن گیر و گرفتـەکان، وەکـو بەنـداوی گۆتوەنـد، بەنداوەکانی کاروون ٣ و ٤ لەسەر کاروون و بە مەبەستی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دروسـت کراون. گۆتوەند نموونەی بەرچاوی دروسـتکردنی بەنداوی زەبەلاح لـە ئێرانە. دروسـتکردنەکەی لە سـەردەمی پەهلەویی دووهەمدا دەسـتی پێ کرد، بەڵام لە دوایین ساڵەکانی دەورەی دووهەمی سەرۆک کۆماریی مەحمـود ئەحمەدینژاد لـە ٢٠١٢ تەواو بوو (شـەهریاریها، ٢٠٢١). گۆتوەند، کە لە سەرەتادا دەوڵەتـی ئێـران وەکو شـاکارێک و توانایی ئەندازیاریی وڵات لە بواری بینا زەبەلاحەکانی کەرتـی ئـاودا پێی هەڵدەگوت، بـە کردەوە سەلمێندرا کارەسـاتێکی ژینگەیی لە چەند ئاستدایە. شـوێنی خەزنەی ئاوەکە، بنەکەی بەردی خوێیـە و بووەتە هۆی وێرانکارییەکی فرەمەزنی ژینگەیی. ئاوی گۆتوەند دە هێندەی ئاستی ماملاوەندی سـوێرە؛ بۆیە بە خزنەکە دەڵێن مەزنترین حەوزی خوێئاوکی ئێران.

تەنیا لە ناوچەیەکی خوزسـتان، گۆتوەند ئاستی سوێریی کاروونی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کردەوە، لە ئاکامدا ٤٠٠ هەزار دار خورما لەناو چوون. وێرانکارییەکی ژینگەییی ئەوتۆ، کاردانەوەیەکی ئابووریی فرە بەرچاوی هەیە،



**وێنەی ژمارە ۳ (لای چەپ) و ۴ (لای ڕاست) هی ڕووباری کاروونن. وێنەی ژمارە ۳ پێش وشکبوونی کاروون نیشان دەدا، لە کاتێکدا وێنەی ژمارە ۴ کاروونێکی مردوو و وشک لە ئاکامی دروستکرانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لەسەر ڕێچکەکەی نیشان دەدا (مەیدان، ۲۰۱۵؛ ساعید نیوز، ۲۰۲۰).**

چونکە خوزستان شوێنی بەرهەمهێنانی ٪۴۰ی خورمای ئێران بۆ هەناردە کردنە (میرزاخانی، ۲۰۱۸). زانیاریی بڵاوکراوە لە ۲۰۲۱ ئاشکرای دەکات کە ٪۴۰ی دار خورماکانی خوزستان لەناو چوون. بە گوتەی سەید سوڵتان حوسەینی ئەمین، جێگری ژووری بازرگانیی خوزستان، «وشکەساڵیی بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سوێریی ئاو و خورماکان تامیان خۆش نەماوە. چۆنایەتیی بەرهەمەکانمان دابەزیوە، ئێمە لە بازاڕی ڕکابەریدا لاواز بووین و، کڕیاران چی دیکە مەیلیان لە بەرهەمی ئێمە نییە» (دیدبان ئیران، ۲۰۲۱). لێکۆڵینەوەکان لە باغە خورماکانی خوزستان، کارەساتی مەزنی ژینگەیی ئاشکرا دەکەن، لەو لێکۆڵینەوانەدا ئاشکرا بووە کە ۵ میلیۆن دار خورما لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە کارەساتی جۆراوجۆر، لە ناویاندا شەڕ و خراپ بەڕێوەبردنی ژینگە و کشتوکاڵ، کەمئاوی و سوێریی ئاو لەناو چوون (کەعب، ۲۰۲۱، ل. ۳۱۸).

دروستکردنی بەنداو لە لایەن دەوڵەتەوە هەروەها بووەتە هۆی ئاوارەبوونی بەربڵاوی خەڵکی خۆجێیی، لە ناویاندا ڕووخاندنی تەواوەتیی ۴۱ گوند لە کەنارەکانی بەنداوەکان. بە گوێرەی گوڵزار، «بەسەرهاتی تاڵی گوندەکانی خوزستان کە بە هۆی دروستکردنی بەنداو گواستراونەوە شتێکی تازە نییە؛ ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوە لە ۱۹۶۲ دەستی پێ کرد، کاتێک کۆمەڵگاکانی دەوروبەری بەنداوی دێز ڕیشەکێش کران» (گوڵزار، ۲۰۲۲ ئـ). بەنداوی کاروونی ۳ (لە ۲۰۰۵ کۆتایی هات) لە خوزستان و کاروونی ۴ (لە ۲۰۱۰ کۆتایی هات) لە شاری کورد لە چوارمەحاڵی بەختیاری کە بۆ گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دروست کران، بوونە هۆی وشکبوونی کاروون و سەدان زۆنگاوی ئەو پارێزگایەیان لەناو برد و بووە هۆی دروستبوونی بیابان و خۆڵبارین. دروستکردنی بەنداوی کاروون ۳ بووە هۆی ئاوارەبوون و گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتووانی ۶۳ گوند. ئەو خەڵکە ئاوارەبووە، بە گوێرەی گوڵزار (۲۰۲۲ب)، قوربانیی مافیای ئاو یان ‹سد سالاران› (ئاغاکانی بەنداوەکان)، کاربەدەستان، دامەزراوە و کۆمپانیاکانن کە بە قووڵی لە دروستکردنی بەنداوی نائاسایی و زیانبەخشەوە گلاون و بەرژەوەندییان لە دروستکردنی ئەواندایە و هەروەها دامەزراوە و کەسانێک کە بەرژەوەندییان لەوەدایە و لەو پرۆژانە، قازانجی بەرچاویان گیر دەکەوێ.

دروستکردنی بەنداوی نائاسایی بووەتە

هۆی وشکبوونی زۆنگاوەکانی خوزستان. جارە، کەرخە، کاروون، ماروون و زەهرا، کە سەردەمێک حەوزە پڕ ئاوەکانی خوزستان بوون، بە هۆی کەمبوونەوەی باران بارین و گواستنەوەی بەردەوامی ئاوی نێوان حەوزەکان، خەریکن بەتەواوەتی وشک دەبن. بە گوێرەی ئاژانسی ژینگەی خوزستان، زیاتر لە ٪١٠ی زۆنگاوەکانی ئەو پارێزگایە، لە ناویاندا قامیشەڵانەکانی شادگان، لە ئاکامی پرۆژە بەرفراوانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان وشک بوون (فولادوەند وسەید، ٢٠١٥؛ شوکرانی، ٢٠١٨). ئاوی زیاتر لە ٪٦٢ی بەنداوەکانی خوزستان لەژێر قەبارەی چاوڕوانکراودان. سەرەڕای ئەوە، دەوڵەت ئیزنی دروستکردنی دوو بەنداوی زەبەلاحی دیکەی لە خوزستان داوە، واتە بەنداوەکانی مەرد و بەهمەنشیر.

## نموونەکانی مازەندەران و کوردستان

ڕووبارەکانی نەرماب، فینەسک و زارەم سێ نموونەی پرۆژەی وێرانکەری ئاو بە ئاسەواری دژواری کۆمەڵایەتی-ژینگەیی بۆ کۆمەڵگاکانی باکووری ئێرانن. پارێزگای گوڵستان کە لە ناوچەی چل چای هەڵکەوتووە و دراوسێی پارێزگای مازەندەرانە، بەنداوی بەرماب (لە ساڵی ٢٠٢٢ تەواو بوو) بووەتە هۆی ئاوارەکردن و لێک هەڵتەکاندنی کۆمەڵگاکان. خەڵکێکی زۆری هەرێمەکە لەبەر دروستکردنی بەنداوی نەرماب ئاوارە بوون؛ ١٢٠٠بنەماڵە لە چوار گوندی نزیکی خەزنەی بەنداوەکە ناچار کراون دەست لە ماڵ و حاڵیان هەڵگرن.

بەنداوی فینەسک لەنێوان دوو پارێزگای سێمنان و مازەندەران هەڵکەوتووە کە یەکێک لە بێگەردترین ناوچە سرووشتییەکانی ئێرانە. ئامانجی دروست کرانەکەی دابین کردنی ئاو بۆ پارێزگای سێمنانە. پێش دروستکردنی بەنداوەکە، چالاکانی بواری ژینگە هۆشدراییان دا کە دروستکرانی بەنداوەکە و بەتاڵانبردنی سامانی ئاوی لقەکانی ڕووباری تەجەن، دووهەمین ڕووباری مەزن لە حەوزی باکوور، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ڕووبارەکە و وشکبوونی ڕێڕەوە ئاوییەکان. چالاکان گوتیان بەنداوەکە پرۆژەیەکی شکستخواردووە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکە بێویژدانەکانی مافیای ئاودایە. سێ گوندی تەم، تەلاجیم و مەلادێ، لەگەڵ نزیکەی ٤٠٠ هێکتار زەویی کشتوکاڵی، بە هۆی بەنداوی فینەسک کەوتنە ژێر ئاو و، زیاتر لە ٢٥ کۆمەڵگای کەنار ڕووبارەکە زیانی قورسی ئابوورییان وێکەوت (گۆلزار، ٢٠٢٢ ب).

بەنداوی زارەمرود، چوارەمین بەنداوی مەزنی مازەندەران، هێشتا تەواو نەبووە و چاوەڕوان دەکرێ چەند گوند و ٢٤٠ هێکتار مەزرای برنج ژێر ئاو بخات. بیانووی دروستکردنی ئەو بینایە، دابینکردنی ئاوی بەردەوام بۆ مازەندەرانە. بەڵام، باس لەوە دەکرێ کە ئەو بەنداوە یەکێک لەو پرۆژانەیە کە زۆرترین زیان بە ژینگە دەگەیەنێ و هاوشێوەی گۆتوەندە. بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە کە لە دارستانی چغوری هیرکانیان هەڵکەوتووە، زانستوانانی بواری ژینگە و چالاکان گریمان دەکەن لەنێوان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هێکتار دارستان و زەویی کشتوکاڵی لە کیس بچێ. بێجگە لەوە، بە میلیۆنان میتر سێ جا خاکی بەپیت لە خەزنەی بەنداوەکەدا لەناو دەچێ (ڕەحیمی، ٢٠٢١). بەنداوی شەرەفرودیش لەنێو دارستانی هیرکانیدا هەڵکەوتووە، بەنداوی شەرەفروود وەکو یەکێک لە کارەساتبارترین پرۆژەی بیناسازیی ئێران دەمێنێتەوە کە بووەتە هۆی لەناوچوونی ٩٣ هێکتار لە دارستانی هیرکانی و ئاسەواری نەرێنیی دیکەی هەبوو (ڕەزایی، ٢٠١٥).

سیاسەتە ئاوی و ژینگەیییە ڕەگەزپەرستانە و هێرشبەرانەی دەوڵەتی ئێران، کاریگەریی قووڵی نەرێنی لەسەر ناوچەکانی کوردستان، کە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش

ناسراوە، هەبووە. پارێزگای کوردستان شوێنی پێنج رووبــاری مەزنی ئێرانــە: کەرخە، قزل ئــوزون (وەزان)، ســیروان، زابــی بچووک و زەرینەرود. ســەرەڕای ئەو ئاوە زۆروزەبەندە، قەیرانی ئاوی کوردســتان لە سنە، پێتەختی پارێزگای کوردستان، هێندە قووڵە کە یەکێک لە ســێ شــاری ئێرانە کە کەمئاوییەکەی لە دۆخی تەنگەتاودایە. کەمئاوی لە کوردســتان بووەتە هۆی هەڵمــەت و نارەزایەتیی زۆر، لە ناویانــدا هەڵمەتی ئاوی خواردنەوەی دڵنیا لە سنە، کە پشتیوانیی بەربەرینی لە پارێزگاکەدا بــەدواوە بووە. لــە کوردســتان، خەڵک ئەو بەنداوە وەک ســەرچاوی کارەســات ســەیر دەکەن کە تەنیا بۆ دابینکردنی ئاوی ناوەند بە گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانە (فەتاحی، ٢٠١۶، ل. ٢۶).

ئاژانســی ژینگەی ئێران لە ٢٠١۴ گوتی، تەنیا لە پارێزگای کوردستان، دەوڵەت بەتەمای دروستکردنی ۵٣ بەنداوی دیکەیە، بێجگە لەو بەنداوانە کە دروســت کــراون و ژمارەیەکی زۆر لــە بەنــداوە دروســتکراوەکان بۆ ژینگە کارەســاتبار بوون. هەر ئێســتا دروستکردنی ئەو بەنداوانە دەســتی پێ کردووە، سەرەڕای ئەوە کە هێشــتا هەڵســەنگاندنی مەترسییە ژینگەیی‌یەکانیــان بۆ نەکــراوە. بۆ وێنە، ١٣ بەنداو لەســەر گۆلی سیروان دروست کراون کە لــە پارێــزگا کوردییەکانی کرماشــان و کوردســتان هەڵکەوتووە. ئەوانە بە مەبەستی بەهێزکردنــی چــوار پرۆژەی گواســتنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانی ئەو ناوچەیە دروست کراون. ژینگەپارێزانی کورد ئەو کارەیان وەکو «دروستکردنی بەنداو بە نێوی ئێمە، بەڵام لە پێنــاو خەڵکی دیکەدا» بــاس کردووە (وەڵات بۆکان، ٢٠١٨ ئ).

ئەو راســتییە کە بەنداوەکانی کوردستان، لە جیاتی دابینکردنی پێداویســتییەکانی ئەو ناوچانەی کــوردی لێ دەژین، بۆ دابینکردنی ئاوی پێویســت بۆ کشــتوکاڵ و پیشەسازیی پارێزگاکانــی دراوســێ دروســت کــراون، تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ستراتێژیی ئاویی دەوڵەت لە کوردستانە. بۆ وێنە، بەنداوی تالوار لە بیجار هەڵکەوتووە، کە شــارێکی پارێزگای کوردستانە، بەڵام ئاوی کشتوکاڵ، پیشەسازی و بنەماڵەکانی پارێزگاکانی هەمەدان و زەنجان دابین دەکات؛ تەنیا ٨٠٠٠ هێکتار لە زەویی کشتوکاڵیی بیجار بە ئاوی ئەو بەنداوە ئاودێری دەکرێ. تالوار لە لایــەن کۆمپانیاکانی ئاوی زەنجانەوەی بەڕێوە دەبرێ و کاری پێ دەکرێ. بە گوێرەی فەتاحی و ئەوانی دیکە (٢٠١۶، ل. ٢٧)، «کۆمپانیاکانی بیناسازی قازانجێکی زۆر لەو پرۆژانە دەکەن، لە کاتێکدا گەلی کورد و ژینگەکەیان تا سنووری لەناوچوون زەرەرمەند دەبن، کۆمەڵگەکان ئاوارە دەبن، دارســتان و زەویی کشــتوکاڵی دەکەونــە ژێر ئاو، خەڵک تووشــی کەمئاوی و پیســبوونی ئاو دەبن.» مۆنومێنتــی مەزنی کولتــووری و کەونارایی کوردستان بەو بەنداوانە لەناو چوون. بۆ وێنە، پــرۆژەی تالوار بووە هــۆی ژێر لافاو کەوتنی ١٨ گرد و شــوێنەواری مێژوویی، لە ناویاندا مۆنومێنتێکی کەونارا کە مێژوویان دەگەڕایەوە بۆ ٧۵٠٠ ســاڵ لەوەپێــش. ئەگەرچی تالوار لەســەر رووبارەکانی کوردستان هەڵبەستراوە، «ئاوارەکردنــی دانیشــتووانی گونــدە ژێــر ئاوکەوتــووەکان و نوقمبوونی خاکی بەپیتی کشــتوکاڵی، تەنیا دەســتکەوتی گەلی کورد لێی بووە.» (فەتاحی و ئەوانی دیکە، ٢٠١۶، ل. ٢٧)

لــە کتێبەکەیدا بــە نێوی ‹ئاسایشــی نەتەویــی و سیســتەمی ئابووریــی ئێــران› کە لە ســاڵی ٢٠١٠ بڵاو بووەوە، ســەرۆک کۆماری پێشوو ڕوحانی باسی کەمئاوی وەکو مەزنترین کێشــە بۆ گەشەی ئابووریی ئێران دەکات. ئەو دەڵێ گواستنەوەی ئاوی چیاکانی زاگــرۆس، کــە چوارمەحاڵــی بەختیــاری، خوزستان، کوردستان و لورستان دەگرێتەوە، بۆ ناوچەکانی نێوەراســتی ئێران تەنیا رێگای دەربازبوون لەو کێشــەیەیە. بۆیــە بەنداو لە





**وێنەی ژمارە ٥ (چەپ) و ٦ (ڕاست) دیمەنی شوێنەکە پێش و دوای هەڵبەستنی بەنداوی داریان لە سەر ڕووباری سیروان نیشان دەدەن (کانی بەل، ٢٠١٨)**

نزیک سنووری عێراق دروست کراون، چونکە دانیشتووانی ئەمبەر ئەوبەری سنوور کوردن (وڵات بۆکان، ٢٠١٨ ئـ). بەلبار، داریان، پالەنگان و سیازاخ (EWRDC، ٢٠٢٢) تەنیا چەند نموونەی ئەو بەنداوانەن کە لە مەودایەکی بەرتەسکی جوغرافیایی لە سنووری پارێزگای کوردستان دروست کراون کە بووەتە هۆی وێرانکاریی مەزنی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی.

به تایبەتی بەنداوی داریان کاریگەریی نەرێنیی قووڵی لەسەر ژینگەی سرووشتی و کەلەپووریی گەلی کورد هەبووە. ئەو سەرەڕای ناڕەزایەتیی مەزنی جەماوەری، کە بووە هۆی دەستپێکی کەمپەینی کانی بەڵ، تاڤگەیەک لەنێو ١٤ کانیاودا کە کەوتە ژێر خەزنەی ئاوی داریان، دروست کرا. گەلێک بنەماڵە و کۆمەڵگە کە سەردەمێک بەشێکی یەک گوند بوون بە هۆی خەزنەی داریان لێک هەڵبڕان. گوندییە ئاوارەبووەکان ئێستا لە گەڕەکە گەشەنەکردووەکانی قەراخ شارەکانی کرماشان، پاوە و سنە دەژین کە بووەتە هۆی هەژاری و پەراوێزخرانی زۆرتری کوردستان. داریان هەروەها بووەتە هۆی وێرانکاریی بەربڵاوی دارستان کە بە نۆرەی خۆی وشکبوونی هێندێک ناوچە (بڕوانە وێنەی ٥ و ٦) و، نوقمبوونی داری دەگمەن، گژوگیا و شوێنی حاوانەوەی زیندەوەرانی دیکە و سەدان هێکتار لێرەوار و دارستانی شوێنی دیکەی لێ کەوتووەتەوە (ئەمینی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ١٧١-١٧٠). زیاتر لە ٥ هەزار هێکتار لە باخەکانی بەنرخی هەورامان بە هۆی دروستکرانی داریان، لەناویاندا باخەکانی هەنار، لەناو چوون. وەکو کەیوان مەجیدی (٢٠١٥، ل. ١) دەڵێ، «بێجگە لە خنکانی کانی بەڵ، داریان سیستەمی ژینگەیی و دیمەنی ئەو ناوچەیەی وێران کردووە». ئەوە بۆیە بێ‌پاساو نییە، کاتێک چالاکانی بواری ژینگە لە ناوچەکە سیاسەتی ئاویی ئێران بەرانبەر بە ژینگەی وڵات وەک «تەکنۆ-فاشیست» و «هێرشی داعشیانە» وەسف دەکەن و، بە دامەزراوەکانی تێوەگلاو لەو چالاکییانەدا دەڵێن «مافیای ئاو». بە کەڵک وەرگرتن لە لێکدانەوەی مەنگا و سوینشاداو (٢٠١٨، ل. ٢) لەمەڕ ڕێکخستنی ئاو-کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرێ بڵێین «ئاو تەنیا سامانی سرووشتی و ئامرازێکی فیزیکی نییە، بەڵکو بە قووڵی ئاوێتەی پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بووە» و، دەستڕاگەیشتن بە ئاو وەکو مێکانیزمێکی بازاڕ و دەسەڵاتی دراو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی، مرۆیی یان ژینگەیی دەبینرێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ (ل. ٥٨). ئاشکرایە سیاسەتە ئاوییەکانی کۆنباو و قۆرخکراو لە

ناوەند کەمایەسییان هەیە، بۆیە گواستنەوە بۆ ڕێچکەی نەرم، «کە تەواوکەری ژێرخانی فیزیکیی قۆرخکراو لە ناوەند بە تێچووی کەمتر لە ئاستی سیستەمی هەرێمی، بڕیاردانی کراوە و داماڵدراو لە قۆرخکاریی ناوەند، بازاڕەکانی ئاو و نرخی گونجاو، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کاریگەر و پارێزگاری لە ژینگە» پێویستە. (گلەیک، ٢٠٠٣، ل. ١٥٢٤).

## کاریگەریی سیاسەتی ئاویی ئێران

پاراستنی ژینگە و سامانە سرووشتییەکان پێشترییەتی دانێکی تا ڕادەیەک نوێیە بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بێ لەبەرچاوگرتنی لەسەر کاربوونی کام تاقم، جا چ ڕیفۆرمخوازەکان بن یان کۆنەپارێزە توندئاژۆیەکان، بەردەوامیی ژینگەیی بووەتە قوربانیی گەشەی ئابووری و کەڵەکەکردنی قازانج. تەنانەت گەشەی ئابووریش، بە لەبەرچاوگرتنی لاگری لە پارێزگاکانی خاوەن کۆمەڵگەی فارس، بە شێوەی لاسەنگ چووەتە پێش، بە وەبەرهێنان و بەشینەوەی سامانەکان بە شێوەیەکی گەلێک نایەکسان. نەبوونی هۆشیاریی ژینگەیی لە دەوڵەتدا، لەگەڵ سیاسەتە ئەتنیکگەرا سیاسی و ئابوورییەکەی، یارمەتیدەری سەرهەڵدانی نادادپەروەریی ژینگەیی سیستەماتیکە کە لە لایەن خەڵکانی کۆمەڵگاکانی پەراوێزی ئێرانەوە هەستی پێ دەکرێ.

## کیشە ژینگەییەکان وەکو پەرەپێدەری مەترسییەکان

دەوڵەتی ئێران حەزێکی لە ڕادەبەدەری لە گەشەی ئابووری و دەستەمۆکردنی سامانەکانی ئاوی وڵاتە. بەڵام، گەشەی نایەکسان و نابەردەوام، زەرەری گەلێک بەرچاوی لە ژینگەی سرووشتیی وڵات داوە. دوای ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵی دا سەربەخۆیی خۆی لە بەرانبەر باقیی دنیا لە ماوەی هەشت ساڵ جەنگی ئێران-عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) و ژمارەیەک گەمارۆی ئابووریی نێونەتەوەیی بسەلمێنێ. لە ١٩٨٩، یەکەم پلانی گەشەی وڵات، بە ئامانجی سەرەکیی برەودان بە گەشەی ئابووری و بیناکردنەوەی وڵات دوای جەنگ، پێشکەش کرا (ڕەزاییان، جۆزی و مالماسی، ٢٠٢٠). سەرەڕای وێرانکاریی بەربەرینی ژینگەی سرووشتیی ناوچەکانی وەکو خوزستان و کوردستان لە ماوەی جەنگدا، چاککردنەوە و پارێزگاری لە ژینگەی سرووشتی لەبەرچاو نەگیرا. لەو کاتییەوە، پلانەکانی گەشەکردن بە بیانووی پەرەپێدانی پیشەسازی و ڕایەڵەی ژێرخانی ڕێگاوبان بە مانای پێڕاگەیشتنی فرە کەم یان بەتەواوی پاشگوێ خستنی ئامانجە درێژخایەنەکانی پارێزگاری لە ژینگە بووە. پێویستیی گەشەی بەردەوامی ژینگەیی تا ئاستێکی زۆر پاشگوێ خراوە کە بووەتە هۆی زەرەری بەرچاو لە ژینگەی سرووشتیی وڵات. تێکدانی دیمەنی وڵات و گۆڕینیان بۆ هەرێمی ژێرخانی و پیشەسازی، لە بنەڕەتەوە سرووشتی هەڵسوکەتی مرۆڤانی لەگەڵ ژینگەکەیان لە ئێران گۆڕیوە. (مەدەنی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، لاپەڕەکانی ١٠٠٦-١٠٠٢).

داواکاریی ئاو لە لایەن پارێزگاکانی نێوەڕاستی ئێران، کە هاندەرەکەی کەڵک لێ وەرگرتنی نێوخۆیی و چالاکییەکانی گەشەپێدەر و پیشەییە، بە شێوەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوونە. بەرنامەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە لایەن دەوڵەتەوە، بۆ دابینکردنی ئەو داواکارییانە، بەزۆر بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکاندا دەسەپێنرێ، بێ لەبەرچاوگرتنی زیانی ژینگەیی و کەمئاوی لە خەزنە بەخشندەکان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی نەخۆشی لە هەر دوو خەزنەکانی بەخشندە و وەرگر (ژوناگ، ٢٠١٦، ل. ١٢٨٦٧). کێشەی دیکە کە بەرەوڕووی خەڵکی ناوچە بەخشندەکان

دەبنـــەوە، وشکەســـاڵی و ڕامالّینی خۆڵە کە کاریگەری لەسەر کشـــتوکاڵ هەیە، شەپۆلی خۆڵ و خۆڵبارین، کێشـــەی تەندروستی (بە تایبەت بۆ ســـەر ئەندامەکانی هەناســـەدان)، کۆچـــی بەکۆمـــەڵ (ئاوارەیـــی ژینگەیی) و، بێـــکاری. ڕامالّینـــی خاک لە سەرانســـەری ئێران بـــاوە، کە دەبێتە هـــۆی گونجاوبوونی زۆر ناوچـــە بۆ هەســـتانی لافاو و بـــە بیابان بوون کـــە ئەویش نیشـــانەی جیددی بوونی ئالنگارییـــە ژینگەیی‌یەکانی وڵاتە. جاجەرمی، پیشگاهیفەرد و مەهکوهی (۲۰۱۳) جەختیان کـــردەوە کە ڕامالّینی خاک لە ئێران شـــەش هێندە لە ئاستی مامناوەندی جیهانی زیاترە، کـــە دەبێتە هۆی لەکیس چوونی ســـاڵانەی یـــەک میلیۆن هێکتـــار زەویی کشـــتوکاڵی. ئامـــاری فەرمی ئاشـــکرای دەکـــەن کە ۱۴ پارێـــزگای ئێـــران، واتە ئەلبـــورز، ئەردەبیل، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، فارس، گوڵســـتان، هەمەدان، ئیســـفەهان، کرمان، خۆراســـانی ڕەزەوی، مەرکەزی، قەزوین، ســـێمنان، تاران و یەزد، بە دەست ڕۆچوونی زەویەوە دەناڵێنن (ژینگە پارێزانی سەقز، ۲۰۱۹).

بە شێوەیەکی پێشبینیکراو، بارگرانییەکە بـــە شـــێوەیەکی بەرچـــاو کەوتووەتە ســـەر ناوچـــە پەراوێزەکان کە شـــوێنی ژیانی گەلە نافارســـەکانە. موختار هاشـــمی، زانای بواری ژینگە و چالاکی ژینگەیی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆچوونی زەوی لە دەشتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان هەڕەشەیەکی جیددیی ژینگەیی‌یە و هەروەهـــا دەڵێ، «لـــە ناوچەی گەنجی، کە لە دەشـــتی قوروە [لە پارێزگای کوردستان] هەڵکەوتـــووە، ئێمە ڕۆچوونـــی ۴۵ میتری لە ئاکفیفـــەرەکان [ئەو شـــوێنانەی ئـــاوی ژێر زەوی تێیاندا کۆ دەبێتەوە. و.] لە ناوچەیەکدا دەبینیـــن کـــە قـــەرارە زەوی پارێـــزراو بێ» (هاشـــمی لە ژینگەپارێزانی سەقزدا ئاماژەی پێ کراوە، ۲۰۱۹). ڕامالّینـــی خاک هەروەها بووەتە هۆی شەپۆلی تۆز و خۆڵ و خۆڵبارین لە ناوچەکانی خەزنە بەخشندەکانی ناوچە پەراوێزەکان، لە ئاکامدا گیروگرفتی تەندروستیی هەناسەدان و شـــێرپەنجە پەرەیان ئەستاندووە. خۆڵبارین بووەتە هـــۆی پەراوێزخرانـــی زۆرتر بە هۆی کاریگەرییەکەیان لەســـەر ئاسایشی ئابووریی هەرێمی و کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر چالاکییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمهێنانی خواردەمەنی، دابەزینی داهاتی بنەماڵەکان بە هۆی پچڕانی چالاکیـــی ئابووری و پیشەســـازی و، چوونە سەری تێچووی چاودێریی پزیشکی هەبووە. لە خوزستان و مەزنترین شارستانەکەی، ئەهواز، خۆڵبارین زەرەری جیـــددی بە ژێرخانەکەی گەیاندووە، لـــە ئاکامدا وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی چاوترسێن بوون (ئاندەرسۆن، ۲۰۱۹) بە گوتەی کاربەدەستانی هەرێمی خوزستان، «بە هـــۆی تـــۆز و خۆڵەوە، ئێمە شـــاهیدی داخرانـــی زانســـتگاکان و قوتابخانـــەکان و دابەزینی چالاکیی ئابوورین. وەبەرهێنەرەکان ئامادە نین لە پارێزگاکـــە وەبەرهێنان بکەن. بەڕێوەبەریـــی خراپ و نەبوونـــی ڕێگاچارەی بەردەوام بۆ ئەو کێشـــانە بووەتە هۆی تووڕیی جەماوەری و نارەزایەتی» (وڵات بۆکان، ۲۰۱۸ب).

خۆڵبارین بووەتە هەڕەشـــەیەکی جیددی بـــۆ ســـەر بەردەوامیـــی کۆمەڵایەتـــی. لـــە لادێیەکانی پارێزگاکانی خوزستان و سیستان و بەلوچســـتان، ئاوارەیی نێوخۆیی یەکێک لە گەلێک کێشـــەی ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانە کە لـــە ئاکامی پەرەئەســـتاندنی دیاردەی بە بیانبوونـــی خێرا و خۆڵبارینی ئێران ســـەری هەڵداوە. بۆ وێنە، بە گوێرەی زانیاریی فەرمی، ۱۲۴ گوند لە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سیستان و بەلوچســـتان لە ۲۰۰۲ ژێر خاک کەوتن، کە بوو بە هـــۆی لەناوچوونی بژیوی کۆمەڵگەیەکی مەزن (جاجەرمی، پیشـــگاهیفەرد و مەهکوهـــی، ۲۰۱۳). بە گوێـــرەی ژینگەپارێز محەممـــەد دەروێـــش (۲۰۲۱)، «کۆچـــی بەکۆمـــەڵ، کە لەویـــدا ۱۰ هەزار مامۆســـتا پارێزگایان [خوزستان] بەجێ هێشتووە و ۱۰

هەزاری دیکەش لە سەرەی جێ هێشتندان»، نموونەیەکی ئازاری پارێزگا بە دەست لەناوبردنی ژینگەوەیە.

دیاردەی ئاوارەی نێوخۆیی بووەتە هۆی دیاردەیەک کە بە «کۆچبەران/پەنابەرانی ژینگەیی» ئاماژەی پێ دەکرێ (مایەرز، ٢٠٠١) و، دەورێکی مەزن لە داماڵینی لادێ لە دانیشتووان دەگێڕێ. کۆچی ژینگەیی بەکۆمەڵ لە لادێیەکان، لە وڵامی تێکچوونی نارێژەیی ژینگە و هەژاریی ئابووری، یەکێک لە ئاکامەکانی ئالنگارییە ژینگەیی‌یەکانی خوزستانە (ئاندێرسۆن، ٢٠٠١). لەناوبردنی ئابووریی کشتوکاڵی و پشتئەستوور بە ئاو هەروەها بووەتە هۆی ناچارکردنی کۆچی ژمارەیەکی زۆر گوندنشین، بە تایبەت لە خوزستان و ناوچەکانی دەوروبەری حورئەلعەزیم، بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران (کەعب، ٢٠٢١، ل. ٣٣٩). سەرەڕای هەبوونی سامانی سرووشتیی زەبەلاح، خوزستان بووەتە ناوچەیەکی خاوەن گەلێک گوندی چۆلکراو. ڕێژەی کۆچی نێوخۆیی نیشانەی ئاستی جیددی بوونی کیشە ژینگەیی‌یەکانە. بە گوێرەی ئاماری فەرمی، لەنێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٦، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە خوزستان کۆچیان کردووە (کەعب، ٢٠٢١، ل. ١٠٧).

کیشە ژینگەیی‌یەکان هەروەها دەوری پەرەپێدەری مەترسییەکانیان گێڕاوە، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کیشەی دیکە کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان دەبنە هۆی نارەزایەتی. نارەزایەتیی مەزن دژی سیاسەتەکانی ژینگەیی، گەشەکردن و ئابووریی دەوڵەت هاتوونە ئاراوە، لە ئاکامی بێتوانایی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و شکستهێنانی لە پشتگیری لە ئەو دانیشتووانەی کەوتوونە ژێر کاریگەریی کێشە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی پەیوەندیدار بە خۆڵبارینەوە (ئەندێرسۆن، ٢٠١٩). هاندەرە ژینگەیی‌یەکانی پشت نارەزایەتییەکان لە ئێران زۆر جار لە بەراورد لەگەڵ فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکانەوە، پاشگوێ دەخرێن، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن گرینگن و زۆر وێدەچێ دەورێکی مەزنتر لە سەرهەڵدان و قووڵتربوونەوەی کێشەکانی داهاتوودا بگێڕن. خراپ بەڕێوەبردنی ژینگە، گەندەڵیی بە دامەزراوەییکراو و ژێرخانی ئاویی نەشیاو بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئاوی وڵات، کە ئەوەش بووەتە هۆی نارەزایەتیی جەماوەریی کۆمەڵایەتی. فاکتەرێکی بەرچاوی کیشە ژینگەیی‌یەکانی دەوڵەت، گەندەڵییە، بە کاربەدەستانێک کە بۆ مافی تالانکردنی ئاو، بەرتیل وەردەگرن و هەروەها فاکتەری بەهێزی سیاسی کە ئاراستەکاری ئاو بەرەو پیشەسازییەکانیان. تووڕەیی لە گەندەڵی پاڵنەرێکی مەزن بۆ نارەزایەتییەکان لە ئێرانە و، گەندەڵیی ژینگەیی ئەو دۆخەی خراپتر کردووە. نارەزایەتییەکانی ئێران بەرەوڕووی دڕندەیی توندی پۆلیس دەبنەوە (کەعب، ٢٠٢١، ل. ١٦٦). لە ئاکامدا، ڕێژیم هەر جۆرە چالاکییەک و هەنگاوێک کە ڕەنگدانەوەی پەرچەکرداری خەڵک بە کیشە ژینگەیی‌یەکان بێت، خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوەی چڕەوە (عەبباسی، ٢٠٢١).

ئەو توێژینەوەیە ئاماژەی بە سیاسەتی ناوەندگەرا، هەڵاواردنکار و ئەتنیک‌گەرای ئاویی ئێران و کاریگەرییەکانی بۆ سەر تاقمە نەتەوەیی‌یە نافارسەکان کردووە، کە لە ناویاندا کورد، عەرەب و گیلەک بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتە. توێژینەوەی زۆرتر بۆ باس لەو پرسە پێویستە کە ئاخۆ ئەو کاریگەرییانە بە ئەنقەستن یان بە هەڵکەوت سیاسەتەکە بە شێوەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دارێژراوە. کاریگەریی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی سیاسەتی ئاویی ئێران بە گوێرەی پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە زۆر پرسیار بێ وڵام دەمێننەوە. کێشەکانی پەیوەندیدار




**وێنەی ژمارە ٧، نەخشەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کانی میران و ساوا، دوو گوندی مەریوانە کە لەوێدا ١٨٠ هێکتار دارستان لە یەکەم ڕۆژەکاندا لەناو چوون (چیا، ٢٠٢٣ ئـ).**

بە سیاسەتی ئاویی ئێران و کاریگەرییەکەی بۆ سەر بەردەوامیی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی لە ناوچە و پارێزگاکانی وەکو چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستان توێژینەوەیەکی تا ڕادەیەک کەمی لەسەر کراوە و توێژینەوەی زۆرتر لەو پرسیارە پێویستە کە ئاخۆ ئامانجی سەرەکیی کەڵک وەرگرتنی زێدەڕۆیانەی ئێران لە گواستنەوەی ئاوی خەزنەکان بۆ سوود گەیاندن بە ئێلیتی دەسەڵاتدار بە دابینکردنی ئاوی کۆمپانیاکان و دەنگدەرەکانیانە، یان هێشتنەوەی پارێزگاکانی خاوەن دانیشتووانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە هەژاری و گەشەنەسەندووییدا؟

وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بە لەبەرچاوگرتنی لێڵیی سیستەمی سیاسیی ئێران ڕەنگبێ فرە دژوار بێ، ئەگەر نەلێین نامومکین. بەڵام، گێرانەوەکان و لێدوانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز لە ناوچە پەراوێزەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە زۆربەی ئەو چالاکییە وێرانکەرانە بۆ «سزدانی» کۆمەڵگە نافارسەکان بە هۆی چالاکییە دژە دەوڵەتییەکانیانە (چیا، ٢٠٢٣ب؛ مێدیانیوز، ٢٠٢٣) بۆ نموونە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێزی کورد ئاماژە بە ئاگرکەوتنە بەربڵاوەکانی جولای ٢٠٢٣ (وێنەی ژمارە ٧)، کە بوونە هۆی لەناوچوونی بەشێکی بەرچاوی دارستانەکانی زاگرۆس، لە دەوروبەری مەریوان، شارێکی پارێزگای کوردستان، بە ئەنقەست لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دەکەن کە بە مەبەستی سزادانی گەلی کورد بۆ دەوری دەستپێشخەرانەیان لە نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەی ئێران، دوای کوشتنی ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا ئەمینی لە ١٦ سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە لایەن پۆلیسی ئیرشادەوە، هەڵگیرسێنرا.

کاتێک سوپای پاسداران ئاگری لە دارستانەکانی سێف، سالەسی، پەلە و کانی میران [گوندی دەوروبەری مەریوان] بەر دا کە بووە هۆی ڕووتانەوەی بەربڵاوی دارستانەکان و زەرەر و زیان بە فرەچەشنیی زیندەوەری ناوچەکە، دەوڵەت بێخوست

بــوو و هیچ کام لە دامـــەزراوە دەوڵەتییەکان لــە کوردســـتان بەشـــداریی ئاگرکوژاندنەوە نەبوون. ئەوە هەمووی بۆ ســـزادانی گەلی کورد لەبەر بەرهەڵســـتکارییەکەی دژی دەوڵەت و سیاسەتەکەی بەرانبەر بە کوردان بوو (وتوویژ، ٢٠٢٣).

پێویســـت بە ئاماژەیە کە ئاسایشـــی ئاو دەتوانـــێ ببێتە هۆی کێشـــەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی-ژینگەیـــی لە ئاســـتی هەرێمی/ نیشـــتمانیدا، بـــەڵام دەشـــتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی کێشـــەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی ناوچەیی. کێشـــە و ناکۆکییە ئاوییەکانی ئێران لەســـەر ســـامانەکانی ئـــاو لـــە نێوخـــۆی وڵات تەنیا ئالنگاریی نێوخۆیی نین.

ناکۆکییـــەکان لەســـەر مافەکانـــی ئاوی ئەوبەری سنوور لەگەڵ دراوسێکانی ئێران، لە ناویاندا تورکیە و ئەفغانستان، ئاویان کردووەتە پرسێکی سیاسی و فاکتەری ناسەقامگیری بۆ ناوچە. بۆ وێنە، کێشـــەی پتر لە ١٥٠ ســـاڵە لەنێوان ئێران و ئەفغانســـتان لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ رووباری هیرمەند، لە ٢٠٢١ بەولاوە، پەیوەندییەکانـــی نێـــوان ئـــەو دوو وڵاتەی دراوسێی ناسەقامگیر کردووە (داگرەس، ٢٠٢٣)

سیســـتان و بەلوچســـتان، ناوچەیەکـــی پەراوێزی ئێران و هەژارترین پارێزگا، هەروەها بـــە تونـــدی کەوتووەتە ژێـــر کاریگەریی ئەو کێشـــەیە. کەمیـــی ئاو، کە ئاکامـــی گۆڕینی ئاراســـتەی ئاوی رووباری هیرمەند لە لایەن کابولەوەیـــە، کاریگەریـــی قووڵـــی لەســـەر چالاکییەکانـــی کۆمەڵگەکانی ئـــەو پارێزگایە هەبووە. ئەو نموونەش بێتواناییی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکان ئاشکرا دەکات. بە گوتەی فاتیمە ئامان لە ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاســـت، «کۆماری ئیسلامی چوار دەیەی کات هەبوو، لە شۆڕشـــی ١٩٧٩ بەولاوە، تا لە کەرتی ئاودا وەبەرهێنان بکات و دڵنیا بێ ئاوی خواردنەوەی ناوچەکان بە ئاوی ئەوبەری ســـنوورەکانەوە نەبەسترێتەوە. بەڵام ئەوان شکســـتیان هێنـــا [و] دەرفەتەکانیان لەکیس چـــوون» (لە داگـــرەس دا ئامـــاژەی پێ کـــراوە، ٢٠٢٣). کاربەدەســـتانی ئێرانی نەتەنیا هۆشـــدارییەکانی چەند ســـاڵەی پسپۆڕانیان پاشـــگوێ خســـت، بەڵکو هەروەها چالاکانی ژینگەپارێزشـــیان، کـــە کاریان بۆ پرســـەکە دەکرد، دادگایی و زیندانی کرد.

## دەرئەنجام

لـــەو توێژینەوەیـــەدا هـــەوڵ دراوە بـــە کەڵکوەرگرتـــن لە چەمکی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی، سیاســـەتی ئاویـــی دەوڵەتی ئێران لـــە پەیوەندیی لەگەڵ ناوچـــە پەراوێزەکان و گەلانی ئێران شـــی بکرێتەوە. تالانی ئاو و سامانە سرووشـــتییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە سیســـتەماتیکە و بووەتـــە هـــۆی تێکچوونی چەند تەوەریی بـــواری کۆمەڵایەتی-ژینگەیی ناوچـــە پەراوێـــزەکان، شـــوێنی حاوانەوەی کورد، عەرەب، گیلـــەک، تورکمەن، بەلۆچ و ئەوانی دیکە. ســـەرەڕای قەبارەی پرســـەکە، مەســـەلەکە لێکۆڵینەوەیەکی کەمی لەســـەر کراوە. سیاسەتە ڕەگەزپەرســـتانە، مەلاسالار و هەڵاواردنکارەکانـــی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە سەدەکانی بیستەم و بیست و یەکەم بەرانبەر بە گەلانی نافارس و کۆمەڵگە نەتەوەییە ناشیعە و تاقمەکانی ئایینی ڕوون و ئاشـــکرایە. بەڵام، ئەو بڕوایە کە سیاســـەتە ڕەگەزییەکـــەی دەوڵـــەت هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکەی بەرانبەر بە ژینگەی سرووشتی و ســـامانەکانی کۆمەڵگـــە بێدەســـەڵاتەکان جێبەجێ دەکرێ، کە دەکەوێتە چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی، هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر شەنوکەو نەکراوە.

ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی چوارچێوەی بەنرخی تیۆریک بۆ شیکردنەوەی توخمەکانی تێکچوونی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی ئەزموونکراو لـــە لایەن تاقـــم و کۆمەڵگە ژێردەســـتەکان

پێشکەش دەکات. سەرەڕای پانتایی‌یە سنووردارەکەی، ئەو توێژینەوەیە ئاشکرای کردووە کە سیاسەتی ئێران بۆ دابینکردن و بەشێنەوەی ئاو و سامانە سرووشتییەکانی دیکە ئەتنیک گەرایانەیە و پێشترییەتی بە ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی فارس دەدا و لەسەر حیسابی تاقم و کۆمەڵگە نەتەوەیی‌یە نافارسەکانی ئێرانە، کە بووەتە هۆی ڕێژەیەکی بەربەرینی لەناوچوون و تێکچوونی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی، کە یارمەتیدەری پەراوێزخستن وهەژاریی زۆرتری ئەو کەسانەیە کە ئەو سیاسەتە دەیانگرێتەوە. لە بنەڕەتدا، سیاسەتی گواستنەوەی ئاو، «تالانکردنی نەتەوە بێدەسەڵاتەکان بە قازانجی نەتەوەی باڵادەستە» کە لە جۆری ئێرانییەکەیدا، تالانی ئاوی چوار مەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستان، بۆ ئافراندنی سامان و گەشەسەندن لە بەشە ناوەندییەکانی ئێرانە. بەو هیوایە ئەو توێژینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو ببنە هۆی گفتوگۆی جیددیی ئاکادێمیک و توێژینەوەی مەزنتر لەسەر چەمکی وەکو ژینگەناسیی کۆمەڵایەتی، گەشەی بەردەوام و بێدەسەڵاتی لە ئێراندا.

ئەو پێشهاتەیە ئاشکرای دەکات حەزی دەوڵەتی ئێران لە درێژەدان بە هەڵوێستی بەڕێوەبەریی دابینکردنی ئاو بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ئاوی ناوچەکانی ناوەند، هەر بیرێک بۆ داوای بەڕێوبەریی [بەرپرسیارانە] بنکوڵ دەکات. هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئاویی ئێران بەکارهێنانی ژێرخانی ئاویی پڕ تێچوو و مشتومڕ لەسەر ئاشکرا دەکات، وەکو دامەزراوەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەردەوامەکانی ئاو لە وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا، پاشگوێخستنی کاولکاریی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی و نادادپەروەریی گرێدراو بەو سیاسەت و ڕێکارانەوە ئاشکرای دەکات کە هەڵوێستی ‹بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکار› پشتئەستوور بە لاگری، ڕێگاچارەی چارەسەرکردنی کەمئاوی نییە؛ بەڵکو ئەو دەبێتە هۆی کاولکاریی زیاتری ژینگە، زیاترکردنی کێشەی نێوان کۆمەڵگەکان و پێکدادان و، نادادپەروەریی سوری ئاو-کۆمەڵگا، کە بە شێوەی سەرەکی بەسەر دانیشتووانی شوێنی خزنەکانی ئاودا سەپێنراوە. بۆ دەوڵەتان گرینگە دان بەوەدا بنێن کە پێشمەرجی گەشەکردن، خەمخۆری بۆ جیلەکانی هەنووکەیی و داهاتوو، لە پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا بێ و بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام، پارێزگاری لە ژینگە دەبێ وەک بەشێکی ئاوێتەبوو لە گەشەسەندن سەیر بکرێ و نابێ لیی جیا بکرێتەوە. نادادپەروەریی ژینگەیی، هاوشێوەی شێوازەکانی دیکەی نادادپەروەری لە ناویاندا هەڵاواردنی سیاسی، زایەندی، ئەتنیکی و ئایینی، بەرهەمی سیستەمی سیاسیی ئێرانە. بەرەودان بە دادپەروەریی ژینگەیی و سیاسەتی بەردەوامی ئاوی، هەڵسەنگاندنەوەی بنەڕەتیی پلاندانی ئاوی دەخوازێ کە لەوێدا خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی و بەردەوامیی کۆمەڵگا ژێردەستەکان بیری لێ بکرێتەوە و پێشترییەتی پێ بدرێ. بە تایبەت، دابەشینەوەی ڕادیکاڵی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و بڕیاردان لە ئێران پێویستە، تا ڕێگا بە کۆمەڵگا نافارسەکان بدرێ، لە ناویاندا هەموو ئەوانەی سیاسەتی ئاوی، نەخشەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان خەزنەکانی ئێران کاریگەریی لەسەریان هەبووە، سوود لە سامانە سرووشتییەکانی هەرێمەکەیان وەربگرن.

*. ئەم وتارە بەشێکە لە پڕۆژەنووسینی نووسەر کە لە داهاتوودا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە.

**. ئالان حەسەنان مامۆستای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی عەرەبی و ئیسلامی (IAIS) لە زانکۆی ئێکزێتەر.

## سەرچاوەکان

Abbasi F (2021) Dust crisis and its effects on the security of regions (Case study: Ahvaz city), Joghrafiya ve Rewabet-e Ensani 3; 156-174.
Aman F (2016) Iran and Afghanistan are feuding over the Helmand River. The water wars have no end in sight. Available at https://www.atlantic-council.org/wp-content/uploads/2016/09/Water_Dispute_Escalating_between_Iran_and_Afghani-stan_web_0830.pdf
Amanat A (2016) Environment and Culture: An Introduction. Iranian Studies 49: 925-941.
Amini K, Veisi F, Mohammadi S, et al. (2018) Analysis and explanation of the effects of dam construction on sustainable livelihood of rural areas, Case study: Darian Horaman dam. Strategic Studies of Public Policy 8: 170-171.
Anderson K.B. (2019) Environmental problems fuel Iran protests. Available at https://www.arab-news.com/node/1589586
Babaoghli M (2013) Overview of the environ-mental crisis in Iran around the axis of air pollu-tion and destruction of water resources. Majele-e Eghtesadi 5; 59-72.
Balout (2022) Multilingual Periodical Magazine for the Support to the Campaign of Zagros-e Mihraba', N/A 2; 25-47.
Birgani Faraji S (2017) A minister to complete water transfer projects. Available at https://mei-daan.com/archive/40693
Brandes L (2011) The water soft path - a new approach to ensuring adequate water supplies, Environmental Science & Engineering Magazine, May; 22-23.
Brandes O and Kriwoken L (2006) Changing Per-spectives - Changing Paradigms: Taking the «Soft Path» to Water Sustainability in the Okanagan Basin, Canadian Water Resources Journal 31; 75-90.
Brooks, D.B. and Peters R (1988) Water: The Potential for Demand Management in Canada. Science Council of Canada. Ottawa.
Bullard R (eds) (1992) Environmental Black-mail in Minority Communities. In: Race and the Incidence of Environmental Hazards A Time for Discourse, (New York: Routledge), pp. 110-124.
Bullard R (ed) (1993) Anatomy of Environmental Racism and the Environmental Justice Movement. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. Boston: South End Press.
Bullard R (1993) Natural Resources & Environ-ment. American Bar Association 7; 23-26.
Chya (2023b) The machine of destruction and degradation of this ancient land has no intention to cease. Available at https://t.me/chya_ngo/9571
Chya (2023a) Image 7, Map of wildfire in the forests of Kani Miran and Sawa. Available at https://t.me/chya_ngo/9621
Dagres H (2023) Iran and Afghanistan Clash over Water Rights. Available at https://www.atlantic-council.org/blogs/iransource/iran-afghanistan-taliban-water-helmand/
Darvish M (2021), Khuzestan A Lesson to Old Management. Available at https://www.instagram.com/p/CRfwYYylxdL/?utm_medium=copy_link
Dolatabadi J (2012) Sociological analysis of environmental movements in Iran, Islamic Azad University, Central Tehran Branch, MA Thesis.
Didbaniran (2021) Due to drought and water salinity, 40 per cent of Khuzestan's palms have been lost. Available at http://www.didbaniran.ir/fa/tiny/news-122306
Egan M (2002) Subaltern Environmentalism in the United States: A Historiographic Review. Environment and History 8; 21–41.
Faani Z and Marufi A (2017) Investigation of the effects of drought on Lake Urmia on the natural and human environmental vulnerability of the surrounding area. Faselname-y 'Almi Tarwiji-e Mohit-e Zist 58; 1-16.
Fatahi S, Rafiei N, Chaghazardi J, et al. (2016) Strategic problemology in Kurdistan province. Center for Strategic Studies 2; 22- 45.
Fuladavand S and Sayyad Gh A (2015) The Im-pact of Karkheh Dam Construction on Reducing the Extent of Wetlands of Hoor-Alazim. Journal of Water Resources and Ocean Science 4; 33-38.

in Eastern Kurdistan/Rojhelat. Local Environment 26; 930–947.
Hassaniyan A and Sohrabi M (2022) Colonial Management of Iranian Kurdistan; with Emphasis on Water Resources. Journal of World Systems Research 28; 320- 343.
Holifield H (2001) DEFINING ENVIRONMENTAL JUSTICE AND ENVIRONMENTAL RACISM. Urban Geography 22; 78-79.
Kaab A (2021) Environmental Security, theoretical analysis and case study (Khuzestan). Joyand-e, Tehran.
Kani Bell (2018) Alteration of Kurdistan's landscape and biodiversity. Available at https://t.me/kanibell
Khan A and Awan N (2020) Inter-Provincial Water Conflicts in Pakistan: A Critical Analysis. Journal of South Asian and Middle Eastern Studies 43; 42-53.
Krippendorff K (2004) Content Analysis: An Introduction to Its Methodology. Sage Publications, Thousand Oaks.
Kurdewaran (2018) Water transfer cut off from Isfahan to Yazd for the third time. Available at https://t.me/kurdewaran
Kurdistan Regional Water Company (2021) Planning studies on the value of resources and expenses of Sirwan projects. RDPI-Rep-130-Final.
Jahangard E (2018) Environment and development programs in Iran. Bi-quarterly Journal of Environment and Natural Resources Economics 2; 105-142.
Jajarmi K, Pishgahifard Z and Mehkohi H (2013) Assessment of environmental threats impact on Iran›s national security, Quartely Rahboord 22; 193-230.
Jinga Parezan Saghez (2019) Do not destroy the soil. Available at https://t.me/JingaParezanSaghez
Interview (2023) Author's interview with Kurdish environmental activist.
IRNA (1996) Dam construction, desertification and water transfer; Basic policies of the government. Available at https://meidaan.com/archive/79160
EWRDC (2022) Siyazakh Reservoir Dam'. Date. Available at https://bit.ly/3Rakg18
Ghassemi F and White I (2007) Inter-Basin Water Transfer Case Studies from Australia, United States, Canada, China and India, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, Cambridge.
Gleick P (1993) Water Resources and Conflict Fresh Water International Security. International Security 18; 79-112.
Gleick P (2000) A Look at Twenty-first Century Water Resources Development, Water International 25; 127-138.
Gleick P (2002) Water management: Soft water paths Nature, 418; 373.
Gleick P (2003) Global Freshwater Resources: Soft-Path Solutions for the 21st Century, State of the Planet 28; 1524-1528.
Golkarami A and Kaviani Rad M (2017) The Effect of Limited Water Resources on Hydro-politic Tensions (Case Study: Iran's Central Catchment with Emphasis on Zayandehrood Basin), Journal of Geography and Environmental Planning, Vol 28, No. 1, Ser No. (65), pp. 113-134.
Golzar HR (2022b) Dam's impact on indigenous people and communities? Available at https://meidaan.com/archive/82537
Golzar HR (2022a) What are the environmental consequences of constructing mega-structures? Available at https://meidaan.com/archive/82537
Halabian AH and Shabankari M (2010) Water resources management in Iran (case study: challenges of the water transfer from Beheshtabad to Zayandehrood. 4th International Congress of the Islamic World Geograpgers 1-15.
Hamilton C (ed) (1993) Coping with Industrial Exploitation. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. South End Press, Boston.
Hassaniyan A (2020) Environmentalism in Iranian Kurdistan: causes and conditions for its securitisation. Conflict, Security & Development 20; 355-378.
Hassaniyan A (2021) The environmentalism of the subalterns: a case study of environmental activism

Menga F and Swyngedouw E (2018) Water, Technology and the Nation-State. Routledge, Oxon.
Mergan L (2017) Water transfer from Wenek to Rafsanjani's pistachio orchards. Available at https://meidaan.com/archive/44229
Minberi A (2018) The destruction of the Zagros water transmission lines led to a water cut in Yazd. Available at https://t.me/kurdewaran
Mirzakhani A (2018) Gotvand Dam: An Environmental Disaster. Available at https://iranwire.com/en/features/65407/
Mirzavand M and Bagheri R (2020) The water crisis in Iran: Development or destruction? World Water Policy 2020; 1–9.
Myers N (2001) Environmental refugees: a growing phenomenon of the 21st century. The Royal Society 357; 609–613.
Nasab RM (2018) Statistics of the number of dams in [Iran] by the executive body in different stages, Iran Water Resources Management Company N/A; 1-8.
Paparella F, D'Agostino D, and Burt J (2022), Long term, basin scale salinity impacts from desalination in the Arabian/Persian Gulf, Scientifc Reports 12; 1-12.
Payamema (2021) Statement issued by 22 environmental and natural resources organizations: 'Teng Sorkh dam' will displace 300 thousand people. Available at https://payamema.ir/payam/articlerelation/60902
Peykeiran (2021) Transferring water for Kerman›s industries and entertainment centres under the pretext of drinking. Available at https://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=240104
Pulido L (ed) (1993) Sustainable Development at Ganados del Va'. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. South End Press Boston.
Pulido L (1996) A CRITICAL REVIEW OF THE METHODOLOGY OF ENVIRONMENTAL RACISM RESEARCH. Antipode 282; 142-159.
Rahimi M (2021) Zaram Rood dam, Mazandaran's second dangerous dam. Available at https://bit.ly/3Y0XXNs
Iranian Students' News Agency (2017) Iran's water bankruptcy. Available at https://isna.ir/xcZXL6
Iranian Students' News Agency (2018) 56 dams in Iran are in critical condition. Available at https://isna.ir/xd3vdP
Labbaf Khaneiki, M (2020) Hydro-Social Cohesion. In: Cultural Dynamics of Water in Iranian Civilization, Cham, Springer), pp. 73–93.
Lazarus RJ (2000) Environmental Racism, That›s What It Is. Georgetown University Law Center N/A; 257-258.
Madani K, AghaKouchak A, Mirchi A, et al. (2016) Iran's Socioeconomic Drought: Challenges of a Water-Bankrupt Nation, Iranian Studies 49; 997-1016.
Majidi K (2015) Do they want to bury Bel; the God of waters, with thousands of poems, songs, stories and legends? Shahrvand Newspaper 727.
Manouchehri GR and Mahmoodian SA (2002) Environmental Impacts of Dams Constructed in Iran, International Journal of Water Resources Development 18; 179-182.
Meador MR (1992) Inter-basin Water Transfer: Ecological Concerns. Fisheries 17; 17-22.
Medya News (2023) Massive fires in the forests of Marivan. Available at https://shorturl.at/sET03
Meidaan (2015) Image 2, Karon's destruction surrounded by environmental crises. Available at https://meidaan.com/archive/6940
Meidaan (2016) Construction of 113 new dams even though half of the dams are empty. Available at https://meidaan.com/archive/22531
Meidaan (2019a) The Ministry of Energy is determined to destroy Karun. Available at https://meidaan.com/archive/64310
Meidaan (2019b) The transfer of Caspian Sea water causes ethnic conflicts. Available at https://meidaan.com/archive/64740
Meidaan (2021a) Water policy document serves the water industry in desert provinces. Available at https://meidaan.com/archive/78072
Meidaan (2021b) Lobbying and political power; transferring water to the central plateau. Available at https://meidaan.com/archive/81438

University Press, Oxford.
Swyngedouw E (2009) The Political Economy and Political Ecology of the Hydro-Social Cycle, Journal of Contemporary Water Research & Education 142; 56-60.
Tien Bui D, Talebpour Asl D, Ghanavati F, Al-Ansari N, Khezri S, Chapi K, Amini A, Pham BT, et al. (2020) Effects of Inter-Basin Water Transfer on Water Flow Condition of Destination Basin, Sustainability 12; 1-38.
Timothy D (2005) Environmental movements in minority and majority worlds, A Global Perspective. Rutgers University Press, New Brunswick.
Varady R G, Albrecht T, Gerlak A K, et al. (2020) The exigencies of transboundary water security: insights on community resilience, Current Opinion in Environmental Sustainability 44;74–84.
Winnefeld JA and Morris ME (1994) Where Environmental Concerns and Security Strategies Meet, Green Conflict in Asia and the Middle East. Effects of Inter-Basin Water Transfer on Water Flow Condition of Destination Basin https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR378.html
Wllat Bokan (2018a) The Islamic Republic's policy of stealing water. Available at https://t.me/WllatBokan
Wllat Bokan (2018b) Extensive migration of Khuzestanis to Karaj and Mashhad. Available at https://t.me/WllatBokan
World Commission on Dams. (2000). Dams and development: A new framework for decision-making. London, England and Sterling. Earthscan, VA.
Wutich A, White D, Larson K L, et al. (2014) Hard paths, soft paths or no paths? Cross-cultural perceptions of water solutions, Hydrol, Earth Syst. Sci., 18; 120.
Zafarnejad F (2009) The contribution of dams to Iran's desertification. International Journal of Environmental Studies 66; 327-341.
Zarei' M (2018) Image1, Geographical map of Iran's water stress. Available at https://iranprimer.usip.org/blog/2023/may/30/iran-and-afghanistan-clash-over-water-rights
Zhuang W (2016) Eco-environmental impact of inter-basin water transfer projects: a review. Environ Sci Pollut Res 23;12867–12879.
Rahmani J (2023) 'Critical Discourse Analysis of Environmental Collective Actions In the Kurdistan of Iran', Kharazmi University of Tehran Faculty of Literature and Humanities  Department of Sociology, Ph.D. Thesis.
Ramazani H (2019) Water looting/exploitation at what cost? Available at https://t.me/sedayepayeab1
RanjanA (2012) Inter-Provincial Water Sharing Conflicts in Pakistan, Pakistaniaat: A Journal of Pakistan Studies 4; 1-21.
Reed TV (2009) Toxic Colonialism, Environmental Justice, and Native Resistance in Silko›s «Almanac of the Dead». Ethnicity and Ecocriticism 34; 25-42.
Rezaei F (2015) The mysterious future of Shafarood dam construction for the country›s natural resources. Available at https://bit.ly/3wtrNyC
Rezaian S, Jozi A, and Malmasi S (2020) The Role of Citizen Participation in Urban Environmental Protection (Case Study: District 9 of Tehran), Faselname-y 'Elmi-e Mohit-e Zist ve Tose'e-y Ferabekhshi, 66.
Rodríguez-Labajos B and Martínez-Alier J (2015) Political ecology of water conflicts. POLITICAL ECOLOGY AND WATER JUSTICE 2; 537–558.
Saed News (2020) Image 3, Karoon River in Ahvaz. Available at https://old.saednews.com/en/post/karoon-river-in-ahwaz
Seyed AJ and Maryam M (2014) Environmental Risk Assessment of Dams by Using Multi-Criteria Decision-Making Methods: A Case Study of the Polrood Dam, Guilan Province, Iran. Human and Ecological Risk Assessment: An International Journal 20, 69-85.
Sevinc H (2016) The Role of Dams In Drying Up Lake Urmia and Its Environmental Impacts on Azerbaijani Districts of Iran. SAUSSUREA 6; 54-65.
Shahriariha (2021) The Gotvand disaster; From Pahlavi to Rouhani/ Shocking details of the history of the construction of the dam. Available at https://www.shahriariha.com/?p=563457
Shokrani M (2018) Country of failed development'. 30 January 2018. Available at https://bit.ly/3HxW5X4
Swyngedouw E (2004) Social Power and the Urbanisation of Water. Flows of Power. Oxford